ص: 36-55

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموك لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی

بێستون عارف عەزیز

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
بەشی وەرگێران، زانکۆی جیهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: bestum.aziz@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی بەراوردکارییانەیە بە سوودوەرگرتن لە پرنسیپەکانی قوتابخانەی بەراوردکاری فەرەنسی بەناونیشانی ((کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموک لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی)). هەرچی ڕۆمانی "بەفر"ە ساڵی 2002 و بە زمانی تورکی و لە وڵاتی تورکیا بڵاوکراوەتەوە و ساڵی 2007 وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هەرچی ڕۆمانی "غەزەلنوس"یشە ساڵی 2008 و بە زمانی کوردی لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. دیارە ئەم پرۆسەی بەراوردکردن و ڕووی کاریگەرییەش بە نموونەی هەردوو کارەکتەری غوربەتی "کا"و "زوهدی شازەمان" نیشانمان داوە، کە لە چەند گۆشە و لایەنێکی جیاوازی ڕەگەزی وەک: شوێن و کات و دیالۆگ و ڕووداو و وەسف و...هتددا خستوومانەتەڕوو. لەو چوارچێوەیەشدا بەڵگەی زانستی و نموونەی پێویست لە هەردوو دەقی ڕۆمانەکانمان هێناوەتەوە و شیکاریی پێویست و زانستیمان بۆ ڕووی لێکچوونیان کردووە.

**کلیلە وشە:** ڕۆمان، بەراوردکاری، کاریگەری، لێکچوون.

**الملخص:**

يعالج هذا البحث _ و من المنظور الفرنسي للدراسات الادبية المقارنة _ التاثيرات الفنية و الفكرية وكذلك الجوانب السردية الاخرى: كالحدث ، الحوار و مواقف الشخصية الرئيسية لرواية " الثلج _ 2002"[1] للكاتب التركي المعروف اورهان باموك و انعكاسها بشكل واضح و آلي على الشخصية الرئيسية في رواية " كاتب الغزل و رياض الخيال_2008 " للكاتب الكردي بختيار علي.

حاولنا توثيق هذا الراي بالادلة الدامغة و بيننا بالتحليل الموضوعي التاثير الواضح و اوجه الشبه بين الشخصيتين و نوعية المعاناة التي تتجسد في اغترابهما و عودتهما الى ديارهما و وقوعهما في حب امراتين متشابهتين الى حد كبير، ناهيك عن مطابقة المكان و فضاء الاحداث والمشاكل التي تواجه البطلين و النسيج الحواري و مشاهد سردية فنية اخرى، يستبعد القارئ ان يكون كل هذا محض صدفة و تداعي الخواطر او استيعاب ابداعي.

**الكلمات المفتاحية:** الرواية، الأدب المقارن، التاثير، التشابه.

**يتالف البحث من مبحثين:**

1- تبئير ظاهرة التاثير و التاثر وفق المفاهيم الجوهرية للمدرسة الفرنسية للادب المقارن.

2- اظهار اوجه الشبه بين الروايتين و بالاخص التاثير الواضح لشخصية رواية باموك الرئيسية _ كا ، في رسم ملامح شخصية رواية بختيار _ زهدي شازمان.

و في الختام توصلنا الى استنتاج مفاده بان التاثير يدور بالاخص حول الشخصية الرئيسية في الروايتين و ليست الروايتين ككل.

1- إن الرواية مترجمة إلى اللغة الكردية في عام 2007.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

This comparative research is based upon French disciplinary methods. The research contrasts and analyzes the main characters of two texts, and how one character has influenced the character of the other text. The research portrays how the protagonist in Orhan Pamuks “The Snow”, written in 2002 (translated in to Kurdish 2007) has had an influence on the main character in Bakhtyar Alis “The Ghazal writer and the gardens of Imagination”, which was written in 2008. The reader can easily detect the similar aspects between the two stories; the return to their homelands after continuous immigration, and the same experiences both characters have gone through. A specific event, is when both characters have corresponding housing situations. Another is the lovers they both have. One falls in love with the hotel keepers daughter, the other falls in love with the hotel keepers wife. The analogy entails other literary similarities such as: theme, dialogue, description, and in particular narrative technique.

This influence doesnt regard the whole novel, only those particular aspects that are ‘heavily similar to both main characters of the novel. Its evident that “The Ghazel writer and the garden of imagination” ‘s main character has substantially been adapted and borrowed from “The Snow” ‘s protagonist.

**Key words:** novel, comparative literature, impact, Similarity.

**پێشــەکی:**

کاریگەری و کارلێککردن، سوودوەرگرتن و چوونەناویەکی دەقەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەقەد مێژووی لەدایکبوونی دەقەکان کۆنە. هۆیەکانی نێوەندی ئەم پرۆسەیەش بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەب گۆڕانی گەوەرییان بەسەردا هاتووە. خەیاڵ و بیری بەرزی مرۆڤانە و ناوەڕۆك و مۆتیڤی داهێنەرانە، کە بە ئاستێکی هونەریی بەرز و تەکنیك و بونیاد و ستایلێکی باڵا دەربڕابن، سنووری جوگرافیی وڵاتە بەرهەمهاتووەکەی خۆی دەبەزێنێت و دەبێتە کانگای سروش بۆ ئەدەب و کولتوور و ڕۆشنبیریی میللەتانی تریش، تا وای لێ دێت مۆرکێکی جیهانی وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان لە: (کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پامۆك لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلییە). ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەسەر بەراوردکاریی 1226 لاپەڕەی ناو دوو ڕۆمانی جیاواز کە بەگشتی کارکردنە لەسەر هەڵبژاردەیەك لە کاریگەریی ئەو بیر، ڕووداو، دیالۆگ، وەسف و وێنە لێکچوانەی کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی "بەفر" (کــا) لەسەر یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ" (زوهدی شازەمان) دایناوە. دیارە ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ناوەندی ئەو کاریگەرییە و هێنانەوەی بەڵگەی زانستیی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە بەراوردکارییەکەمان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی بەراوردکردنی ڕۆمانی کوردی بە ڕۆمانی جیهانی و دۆزینەوەی کاریگەری و ڕووی لێکچوونیان لە ڕوانگەی وەرگرتن و خواستنی هەندێك لەو بابەت و تەکنیکانەی کە ڕۆمانی کوردی لە ڕۆمانی جیهانیی خواستووە. لێرەشەوە دەمانەوێ بگەینە پەیوەندییە شاراوە و نەوتراوەکانی هەردوو ڕۆمانی "بەفر" و "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"، کە نموونە پراکتیکییەکانمان لەو دوو ڕۆمانە و بەنموونەی جووت کارەکتەری غوربەتی "کا" و "زوهدی شازەمان" وەرگرتووە، تا بزانین ئاستی کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر" لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ" چەندە و چییە و چۆنە؟!.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە خستنەسەر و زیادکردنی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی و بەستنەوەی لینکی پەیوەندی ڕۆمانی کوردی بە ڕۆمانی جیهانییەوە، چونکە وەک ئاشکرایە کارکردن لەسەر ڕۆمان بە میتۆدی بەراوردکاری لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکاندا کەمە و ئامانجمان گەشەکردنی زیاتری ئەم بوارەیە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی بەراوردکاری- بەتایبەتی قوتابخانەی بەراوردکاریی فەڕەنسی وەرگرتووە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سنور و مەودای لێکۆڵینەوەکە:** بەگشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەسەر دوو ڕۆمانی سەر بە دوو ئەدەبیاتی جیاوازی دوو نەتەوەی جیاواز کە ئەوانیش ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموک و ڕۆمانی "غەزەلنوس و بەغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلییە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** زۆری ژمارەی لاپەڕەکانی هەردوو ڕۆمانەکە و هەوڵدان بۆ چۆنێتی سنووربەند کردنییان بەتایبەت لە دۆزینەوەی ڕووی کاریگەرییەکان لە پرۆسە بەراوردکارییەکاندا.

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەجۆرێك کە بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ سێ خاڵی گرنگی پەیوەست بە بابەتەکەمان، ئەوانیش: ئەدەبی بەراوردکاری و چوونەناویەکی دەقەکان، دیاردەی کاریگەری، قوتابخانەی بەراوردکاریی فەرەنسی و پرینسیپەکانی. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموك لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی، بە نموونەی هەردوو کارەکتەری غوربەتی "کا" و "زوهدی شازەمان". لێرەشەوە تیشکمان خستووتە سەر چەمك و پێناسە و تێگەیشتنە جیا جیاکان لەسەر دیاردەی غوربەت و گەڕانەوە، پاشان ئاراستەی لێکۆڵینەوەکەمان بەرەو نموونە پراکتیکییەکانی جوت کارەکتەری غوربەتی گواستووەتەوە. لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە شیکردنەوە و پرۆسەی بەراوردکردنەکەدا بەدەستهێنراون، لەگەڵ پۆلێنکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە سیستەمی هارڤارد و بە پێنج زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکی.

### بــەشــی یــەکــەم/ تیۆریایەک لەسەر ئەدەبی بەراوردکاری و دیاردەی کاریگەریی

#### 1- ئەدەبی بەراوردکاری و دروستبوونی پەیوەندی و چوونەناویەکی دەقەکان

ئەدەبی بەراوردکاری لقە زانستێکی نوێی دونیای ئەدەبناسییە، بەرهەمی گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی سەردەمی نوێیە، ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە هەردوو جەمسەری ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی جیهانییەوە، بەگشتی گرنگی بە پەیوەندی و لێکچوونی ئەدەبیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان دەدات، لەسەر بنەمای دۆزینەوەی سەرچاوەی کاریگەری و کەوتنە بەر کاریگەری. بەشێوەیەکی زانستی سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم ((کاتێك ڤێلمانی فەرەنسی لە ساڵی 1827 لە زانکۆی (سۆربۆن) لە محازەرەکانیدا بەکاریهێنا))(گەردی: 1978، 13). دەتوانین بڵێین ئەدەبی بەراوردکاری یەکێکە لە شێوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە ((لە پەیوەندی ئەدەبی جیهانی دەکۆڵێتەوە و جیاوازی و لێکچوونی نێوان دیاردە ئەدەبییەکانی گەلانی جیاواز دەستنیشان دەکات، لێکچوونی فاکتە ئەدەبییەکان لەوەیە کە لەسەر بنەمای نزیکی و وەکیەکیی باری کولتووریی کۆمەڵەکان و پەیوەندیی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بێت))(دیما: 2011، 7). هەندێکی تر پێیان وایە ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئەدەبی جیهانی، کە ئەدەبی بەراوردکاری لە سنوورەکانی زمانەوانی یاخود نەتەوەییدا دەبوژێنێتەوە، لە پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی بابەتەکان و هزرەکان و کتێبەکاندا، یان هەستەکانی نێوان دوو ئەدەب یان زیاتر و شوێنپێیان هەڵدەگرێت(غویار: 1978، 37).

ئەلێکساندەر دیما لە کتێبی (چەمکەکانی ئەدەبی بەراوردکاری)دا بەم شێوەیە پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری دەکات: پەیوەندی ناوەڕۆکی ئەدەبی گەلانە، ئەوە ئەو هەموو بابەت و هەست و نەست و وێنەی هونەری و ناسکوێژییە دەگرێتە خۆی، کە ستروکتووری دیاردە ئەدەبییەکە دیاریدەکەن. دواتر ئەم زانایە دوو زاراوەی بنەڕەتی دیاریدەکات کە "سەرچاوە، بنەوان" و "کارتێکردن"ن و ئەمانە بە لایەنێکی زۆر گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری لە قەڵەم دەدات، بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیەوە دەتوانین سیمای هاوبەش یان جیای هەر بەرهەمێك دیاریبکەین(محمد"د": 2006، 8).

ڤان تیگم ساڵی 1931 لە کتێبی ((ئەدەبی بەراوردکاری))دا پێناسەیەکی سنوورداری ئەم ئەدەبە دەکات و دەڵێت: ((ئەدەبی بەراوردکاری بەزۆری لە پەیوەندییەکی دوالتی دەکۆڵێتەوە، واتە: پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز، جا ئەو دوو ڕەگەزە دوو کتێب بێت یان دوو نووسەر یاخود کۆمەڵێ کتێب و کۆمەڵێ نووسەر یاخود تەواوی ئەدەبی دوو نەتەوە))(ئەسوەد: 2011، 51). یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری و کارلێککراوەکان، هەموو ئەنجامەکانی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی و مێژووی ئەدەبەکانی تریش دەگرێتەوە، بۆ خستنەپاڵ یەك و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی گشتیدا))(کاظم"د": 2001، 5).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

جێی سەرنجە زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری کراون، جەخت لە چەمك و جەمسەری دووانەیی و خودی پرۆسەی بەراوردکردن دەکەنەوە، کە کۆڵەکەی سەرەکییە بۆ هاتنەئارای ئەدەبی بەراوردکاری. بەراورد پرۆسەیەکی تێکرژاو و ئاڵۆزە، گەڕانێکی ڕاستەوخۆیە بەدوای هێڵی کاریگەری و سیمای هاوبەشدا، دیارە ئەمەش پەیوەستە بە شیکاریی وردی توێژەر و ڕامان لە پێکهاتە ناوەکییەکانی دەق.

پرۆسەی بەراوردکاری هۆکارێکی بەهێزە بۆ جیاکردنەوەی بابەتی ڕەسەن لە بابەتی وەرگیراو، ئاشکراکردنی هەموو جۆرە تووێکی بیانییە لە بەرهەمی نەتەوەییدا دوای دیاریکردنی لایەنەکانی کاریگەری، تەنیا ڕێگەیەکیشە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی داهێنان و ڕێژەی لاسایکردنەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی. هەندێك بەراورد چوارچێوەیەکی گشتییان هەیە، واتە بەراوردی سەرجەم بنەما هونەرییەکانی دوو دەقی ئەدەبیی زمان جیاواز دەکات، هەندێکی دیکەیان لەنێوان دوو دەقی ئەدەبی زمان جیاوازدا تەنها گۆشەنیگایەك وەردەگرن، بۆ ئەوەی زیاتر تیشك بخەنە سەر سروشتی بنەما هونەرییەکەی نێو ئەو گۆشەنیگایە، وەك بەراوردکردنی زمانی شیعری لای دوو شاعیر، یان بەراوردکردنی ڕووداوی نێو چیرۆکی دوو چیرۆکنووس، یان بەراوردکردنی کارەکتەری نێو ڕۆمانی دوو ڕۆماننووس(گەرمیانی"د": 2011، 56).

سەرچاوەکانی پەیوەندی و کاریگەریش بە چەند شێوەیەکی وا دەبن، کە لەگەڵ بەرەوپێشچوون و ڕەوڕەوەی زەمەندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لەوانە: جەنگەکان، مسیۆنێرە ئاینییەکان، گەشتکردن، بازرگانی، یانەی ئەدەبی و تێکەڵبوونی نووسەران، وەرگێران، ئاڵوگۆڕی نامەیی و... هتد(هیلال: بدون سنة، 330- کەفائی: 2011، 17). لە سەردەمی نوێشدا بەهۆی گەشەی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژییەکان گەلێک ڕێگای تر بۆ پەیوەندی و کاریگەری و کەوتنەبەر کاریگەری هاتوونەتەئاراوە لەوانە: سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت و گرنگیدانی زیاتر بە بواری وەرگێران و زمان فێربوون و ئاسانی بەریەککەوتنەکان، ئەمە جگە لە گەشەی ئینتەرنێت و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و بەرنامە و پرۆگرامی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو، گەشە و فەراهەمکردنی هۆیەکانی گواستنەوە کە وایانکردووە زیاتر لە سەردەمانی پێشوو ئەدەبیاتی نەتەوە جیاوازەکان بەئاگابن لە یەکدی و ئاڵوگۆڕ و سوودی زیاتر لەیەکدی ببینن.

باسکردنی بابەتی بەراوردکاریی ڕاستەوخۆ بەرەو باسکردنی ڕووی لێکچوونی دەقەکان دەمانبات، چونکە ((خودی توێژینەوەی بەراوردکاریی بە پلەی یەکەم بەدوای لێکچوونی قووڵ و بناغەداردا دەگەڕێ))(هاڵبێرگ: 2010، 163). گرنگیدان بەدیاردەی لێکچوونیش لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە. ((هەر لەدێر زەمانەوە لە یۆنان و ڕۆمان ئەو بابەتانەی لەنێوان بەرهەمی شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی تر لێکچوون لەنێوانیاندا هەبوو بێت، لای خۆیان تۆماریان دەکرد. کەواتە بابەتی بەراوردکردن یەکێکە لە کۆنترین بابەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و لەمێژووی ئەدەبی میللەتاندا ڕەنگیداوەتەوە، هەر بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی یۆناندا شانۆنامەی "بۆقەکان"ی ئەرستۆڤانس کۆنترین نموونەی ئەم بابەتەیە لە مێژووی یۆناندا، لەم شانۆنامەیەدا ئەرستۆڤانس دوو تراژیدیانووسی بەناوبانگی یۆنانی بەیەکتری بەراورد دەکات، ئەوانیش: (یۆربیدس *Euripides* و ئەسخیلۆس *Aeshyles*)ن، لە کۆتایی بەراوردەکەشیدا ئەسخیلۆسی لا پەسەندترەو یۆربیدس دەداتە بەر ڕەخنەو نەشتەری هەجوو))(زرین کوب"د": 1388، 146-174). کەواتە دەتوانین بڵێین هەر لە سەرەتاوە خاڵی جەوهەری لە پرۆسەی بەراوردکردندا بریتیبووە لە هەڵسەنگاندن و نرخدانان و پەسەندکردنی لایەنێك لەو لایەنانەی سنووری بەراوردکردنەکە دەیگرێتەوە.

ئەدەب و کولتووری هیچ نەتەوەیەك خاڵی نییە لە چێژ و سوودوەرگرتن لە کولتوور و ئەدەبی نەتەوەکانی تر، چونکە خاڵی سەرەکیی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەر ئەدەبێك کرانەوەیەتی بەڕووی ئەدەبیاتی جیهانی و کاریگەربوونیەتی بەچەمك و پەیامە مرۆڤایەتییەکانی ئەوان، مێژووی ئەدەبی جیهانیش ئەوەی سەلماندووە کاریگەری و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەدەبی میللەتانی تر، دەبێتە هۆی فراوانبوونی ئاستی گەشە و دونیابینینیی ئەدیبانی ئەو میللەتە، کە دواجار بەشێوە و بەرگێکی نوێ ڕەنگدانەوەی کاڵ یان تۆخی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا دەبێت. ((هەبوونی کاریگەریی ئەدەبێك لەسەر ئەدەبێکی تر بە هیچ شێوەیەك مانای سووکی و بێبایەخی ئەدەبی کارتێکراو ناگەیەنێت، بۆیە کارکردن لەم کایەیەدا نەك هەر نەرێ لەخۆ ناگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەم هاوبەشی و هاوهزریی مرۆڤەکان دەردەخات، هەم هاوکاریشمان دەکات بۆ ئەوەی لە ڕەوتی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانماندا بتوانین باشتر لە ناوەڕۆك و هەناویان تێبگەین))(عەبدولغەفور"د": 2012، 119)، چونکە ئەدەبی بەراوردکاری ((لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان دەقەکان دەکات تا لە ڕێگایانەوە بگاتە بنەمای هزرەکان و لە ڕاڤەکردنی کۆتاییشدا بگاتە بابەت و شتی هاوبەشی مرۆڤایەتی))(ماضي"د": 1997، 167).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دۆزینەوەی ڕووی لێکچوونی دەقەکان بەرەو سێ جەمسەری داهێنانی ئەدەبیمان دەبات، ئەوانیش بریتین لە: (نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر). کاریگەربوونی نووسەران بەیەکتری و چوونەناویەکی دەقەکان پرۆسەیەکی بەدوایەکداهاتووی ڕێکخراوە، پەیوەندی بە ئاستی مەعریفی و ئەزموون و خوێندنەوەی نووسەرەوە هەیە، نووسەر تا چەند پاشخانی مەعریفی و ئەدەبی دەوڵەمەند بێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر دەوڵەمەندبوونی جیهانبینی بەرهەمەکەی دەبێت. ((نووسەر پێش هەموو شتێك خوێنەرە، کەم تا زۆر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی، ئەو بەرهەمانەش خۆماڵی بن یان بیانی، ئەمەش دیاردەیەك نییە کە پەیوەندی بە کاتێکی تایبەتەوە هەبێت، یاخود تەنیا هاوملی کۆمەڵێك نووسەر بێت و لە بەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو نەتەوەیەکدا ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، لە سنووری تایبەتی خۆیدا بە کارێکی ڕەوا لە قەڵەم دەدرێت))(عەلی: 1981، 67). کەواتە دەق سەرباری سیمای جیاکاری خۆی، هەڵگری گەلێك سیمای دەقەکانی پێش خۆشیەتی. ئەم تێکەڵکردن و چوونەناویەکەی دەقەکانیش کاریگەریی خراپ لە ڕەسەنایەتی دەق ناکات، چونکە ئەوەی لە بونیادی دەقدا ڕوونە و ساغبووەتەوە، ئەوەیە  هیچ دەقێك نییە سەد لە سەد سەربەخۆ بێت و کەم تا زۆر کاریگەریی هیچ دەقێکی دیکەی بەسەرەوە نەبێت، (سۆلێر) لەم بارەوە دەڵێت: ((دەق موڵکی کەس نییە، بەڵکو موڵکی هەموانە))(ڕۆژبەیانی: 2008، 89). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دەق ببێتە ئامێری وتنەوەی دەقەکانی تر، هەمان سەدا و ڕوانین و دونیابینی ئەوان دووبارەبکاتەوە، بەڵکو دەبێت پاڵپشتیی ئەو دەقانە و تێکەڵاوبوونیان ببێتە هەوێنی دروستکردنی فەزایەك، کە پەیام و مەبەستی نوێ لەخۆبگرێت.

ئەگەر دەق لەڕێگەی تێکرژان و تێکەڵەی دەقەکانی ترەوە بونیادنرابێت، واتە لە کۆ دەقێکەوە هاتبێت بۆ پێکهێنانی تاکە دەقێك، ئەوا دەبێت دەرئەنجامەکەشی گەڕانەوە بێت بۆ ئەو کۆ دەقە، کە لەلایەن هەموانی خوێنەرەوە بەپێی پاشخانی ڕۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتنیان پەی بە لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو کۆ دەقە دەبرێت. ((هەموو تێکستێك مێژووی هەیە، لە تێکستێکی ترەوە دێت، لە دیالۆگەوە لەگەڵ تێکستی تردا لەدایك دەبێت. هۆشیاریی ناو هەموو تێکستێك دڕێژکراوەی هۆشیاریی ناو تێکستی ترە. واتە نوسین بەرلەوەی پەیامێك بێت بۆ دەرەوە و بۆ خوێنەر پەیامێکە بۆ تێکستەکانی دی))(عەلی: 2005، 41).

کەواتە دەق شوێنی دابارینی مەعریفە جۆربەجۆرەکانی نووسەرە، چونکە هیچ دەقێك بێ مەعریفە نابێت و هەموو دەقێك هەڵگری مەعریفەیەکی مەبەستداری خۆیەتی. ((دەق پێکهاتووە لە کۆمەڵێك نووسراو، کە هەڵهێنجراوی کۆمەڵێك گوتاری جۆراوجۆرە، نووسەر بەدیهێنەری مەزن و هەڵکەوتەیەکی خوڵقێنەری نییە، بەڵکو کەسێکی ئاوێتەکارە، ئەو کەسەیە کە کەرەستە و ماکە خاوەکانی زمان کۆدەکاتەوە و ئاوێتەیان دەکات، لەم گۆشەنیگایەوە ئەدەبیات تا ڕادەیەك دەبێتە جۆرە دووپاتبوونەوەیەك))(وێبستێر: 2006، 191). تێکەڵاوبوون و ئامێزانبوونی دەقەکان ((پرۆسێسێکی قووڵی بەرهەمهێنانی مانا بەخشینی دەلالەت و تێکەڵکردنی مەبەستەکانە بەیەکتری، کە تەنیا نووسەرێکی داهێنەر و ئاگادار لە مێژووی فیکر و مێژووی ئەدەب و مێژووی سیستەمە جیاوازەکانی ئاماژە دەتوانێت ئەنجامیانی بدات))(قانع: 2004، 232).

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەگەر تێکەڵاوبوونی زاراوەکان و چوونەناویەکی زمانەکان، قەدەری هەموو زمانێك بێت، زمانیش وەك کەرەستەی خوڵقاندنی دەق و دەقیش وەك پێکهاتەیەکی دەلالی زمانی، بێشك دەبێتە لانکەی بەیەکداچوونی فەرهەنگی و کێڵگەی کۆچکردنی وشەکان کە دەربڕی بیرۆکەکانن، ئەمەش جێگای سەرنجی توێژەرانی بەراورد و دەستپێکی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانە.

### 2- دیــاردەی کــاریگــەری(*Influence*):

کاریگەری کۆڵەکەی سەرەکیی ئەدەبی بەراوردکارییە و بەهێزترین دیاردەی ئەدەبییە، کە یارمەتیی لێکۆڵەرانی ئەدەب دەدات زیاتر بەناو ئەزموونی ئەدەبی و نیونەتەوەییدا ڕۆبچن، لەڕێگەی دۆزینەوەی ڕووی لێکچوون و نزیکایەتییەوە گیانێکی مرۆڤانە بە ئەدەب ببەخشن. لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنێتیی و پێوانەی کاریگەری لە بەرهەمی ئەدەبیدا، یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و کاریگەریی نووسەران لەسەر یەکتری بابەتێکی بەڵگەنەویستە و لەمێژە لێکۆڵەرانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بۆچوون و دیدی جۆراوجۆری لەلا دروستکردوون.

کاریگەری کەرەستەی یەکەمی توێژەرانی بەراوردە، تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردەوە، چونکە ((بەراوردکاری دەبێ لە یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوەکەیدا پەنجە بۆ دیاردەی کاریگەری ئەدەبی درێژ بکا، ئینجا تێبکۆشێ ئەم کاریگەرییە بە بەڵگەی ئەدەبی و مێژووی بسەلمێنێ و لەکۆتاییدا ئەنجامی کارتێکردنەکە شیبکاتەوە))(گەردی: 1978، 114).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مەبەست لە کاریگەری ڕەنگدانەوەی بابەتێکە یان بیرێکە یان شێوە و جۆرەکانی بونیادی بەرهەمێکی ئەدەبییە لەسەر بەرهەمێکی تر، کە لە ئەنجامی ڕاکێشانی بیر و سەرنجی نووسەری دووەم و سەرسامبوونی بە نووسەری یەکەم دێتە ئاراوە، بێگومان لەم پرۆسەیەشدا بەردەوام بەرهەمی یەکەم دەبەخشێت و بەرهەمی دووەم وەردەگرێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (*Influence*) لە ((وشەی (*Influere*)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە ئەویش لە (*In+ Fluere*) پێکهاتووە، (*In*) بە واتای (لەناو) و (*Fluere*)یش بە واتای (دەرچوون) دێت، وشەکەش (*Influere*) لە بنەڕەتدا بە مانای هەر شتێك یان هەر مادەیەك دێت، کە سیفەتی (لێ چۆڕین) یان (لێ ڕۆشتن) لەخۆبگرێت(*Dr. Ernest Klein: 1966, 793*).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (التأثیر) لە ((وشەی (الاثر)ەوە هاتووە، بەواتای مانەوەی شتێك لەدوای شتێك یا پاشماوەی شتێك، وشەی (التأثیر)یش بە واتای مانەوەی پاشماوەی شتێك لەسەر شتێکی تر، یا کارتێکردن لە شتێك یا بەجێهێشتنی کاریگەری لە شتێکدا هاتووە))(ابن منظور: 2000، 52).

لە زمانی کوردیشدا وشەی (کاریگەری) جگە لەوەی هاوپێچی گەلێك وشەی تر کراوە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی تر، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین بڵێین بە واتای ((کارتێکردن، هەستجووڵاندن، کاریگەر))(نیزامەدین: 2007، 281) دێت، یان بە واتای ((شوێن پێ هەڵگرتن، شوێنی کەوت، بەدوایا ڕۆی یان پەیرەوی کرد و ڕێبازی ئەوی گرت)) (نیزامەدین: 2007، 280) دێت.

مێژووی کاریگەری و پەیوەندیی کولتووری هاوتایە بە مێژووی ئەدەب و کولتوور، هەر بۆ نموونە ئەگەر لە ئەدەبی ئەورووپیدا بگەڕێینەوە بۆ پێش زایین، بەتایبەتیش ساڵی 146 ی پێش زاین، کاتێك یۆنانییەکان لەڕووی هێز و دەسەڵاتەوە بەرامبەر ڕۆمانەکان هەرسیان هێنا و ڕووخان، کەچی پایەبڵندیی بوارەکانی شارستانی و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەبی یۆنانەکان هەر مایەوە و نەڕووخا، تا ئەوەی ڕۆمانەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری و لاسایکردنەوەی یۆنانەکان. ئەمەش بووە هۆی دەوڵەمەندکردن و هەستانەوەی بابەتە ڕۆشنبیرییەکانیان، بۆیە "هۆراس"ی ڕۆمانی بەردەوام دەیگووت: ((ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، شەو و ڕۆژ نموونە گریکیەکانتان لەبەرچاو بێت))(هۆراس: 1979، 18). دواتر ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی وەك: فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ڕووسی... هتد و کاریگەرییان لەسەر یەکتری، هەروەها لەکاتی پەیدابوونی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەك: کلاسیك و ڕۆمانتیك... هتد، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیەوە (کاریگەری و کەوتنە بەرکاریگەری) گەلێك توێژینەوەی بەنرخی پێشکەشی ئەدەبی جیهانی کرد.

هاتنی مسیۆنێرە ئاینییەکان و ڕۆژهەڵاتناسان و داگیرکارییەکانی فەرەنساو بەریتانیا، بەتایبەتیش داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە وای لە لێکۆڵەرانی ئەورووپایی کرد گرنگی بە بەرهەمی ڕۆژهەڵات بدەن و زۆرێك لە بەرهەمەکانیان بۆ زمانی خۆیان وەربگێڕن، لەڕێگەی ئەم وەرگێڕانانەشەوە بە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی ئاشنابن، بۆ نموونە: (نامەکانی ئێران)ی مۆنتسکیۆ (*Montesqieu- Les Lettres Persanes*) و (دیوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی گۆتە (*Goethe- West- Oeslticcher*) و (دواین ئەمیری بنەماڵەی سەراج)ی شاتوبریان (*Chateaubriand- Le dernier des abencerages*) و (ڕۆژهەڵاتییەکان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ (*V. Hugo- Les Orientales*)... هتد کەم تا زۆر لەبەر کاریگەری و گرنگیدان بە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا نووسراون(زرین کوب"د": 1388، 168).

یان بەرهەمانێکی ڕۆژهەڵاتی وەك: (کەلیل و دیمنە) یان (هەزار و یەك شەوە) یان (مزربان نامە) یان (بختیار نامە)... هتد و ئەو شێوازە سەرنجڕاکێشەی ئەم بەرهەمانەی پێ نووسراوەتەوە، کە بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆك لەناو چیرۆکدا یان هێنانی حیکایەت لەناو حیکایەتدا، هەر لە کۆنەوە بوونەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی نووسەرانی ئەورووپی و لاسایکردنەوەی، وەك: داستانی (دیکامیرۆن)ی بۆکاشیۆ (*Boccacia- Decameron*) یان چیرۆکەکانی (کانتربۆری)ی چۆسەر (*Chaucer- Tales of Canterbury*)، ئەمە جگە لە کۆمەڵێك بەرهەمی تری زمانی ئینگلیزی و ئیتاڵی... هتد(زرین کوب"د": 1388، 169).

کاریگەریی دیاردەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، مێژوویەکی پێکەوەبەستراو و لەیەکنەپچڕاوی هەیە، بەردەوام لە شێوە و فۆرمی نوێدا دەردەکەوێتەوە، بۆ نموونە ((بیروڕا و بۆچوونەکانی ڕۆسۆ کاریگەریی لەسەر نووسەرێکی گەورەی وەك ل. تۆلستۆی هەبووە. ئەی بونیادی هونەری ڕۆمانەکانی تۆلستۆی بەردەوام کاریگەریی لەسەر پەخشانی هەموو ئەورووپا نییە؟))(دیما: 2011، 119). یان ((کاریگەریی چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە لەسەر ڕۆمانەکانی بەلزاك، هەروەك چۆن بەلزاك لە چیرۆکی (شۆڕشگێڕەکان)دا کاریگەریی لەسەر چیرۆکی (نۆتردام دوپارس)ی ڤیکتۆر هۆگۆ داناوە))(قادر: 2012، 41).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کاریگەریی جۆری زۆرە، بەڵام وەك "شكلۆفسكی" دەڵێت: ((لەنێوان هەموو کاریگەری و وەرگرتنە هونەرییەکاندا، ئەو کاریگەرییەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی تری وەردەگرێت، گرنگترین جۆری کاریگەرییە، هەروەك "تینیانۆف" لەمەڕ کاریگەریی بەرهەمەکانی گۆگۆڵ لەسەر دیستۆفسکی دەڵێت: دیستۆفسکی بە وێرانکردنی فۆڕمی گاڵتەبەرهەم (پارۆدی- *Paridy*) کە لە چیرۆکەکانی گۆگۆڵدا بەرچاودەکەوێت، جۆرێکی تازە لە تەوسی (*Irony*) داهێناوە))(ئەحمەدی: 2004، 74).

زۆرجار هۆکارەکانی کاریگەری بەجۆرێك لە کۆنەستی نووسەردا دەنیشێت، کە هەرچەندە نووسەر سەرچاوە بنەڕەتییەکەی دەزانێت، بەڵام شوێنی بەکارهێنان و هاتنەوەی ئەو کاریگەرییە لە دونیای داهێنان و نووسیندا نازانێت، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانرێت دەوری خوێنەری لێهاتوو و زرنگ دیاریبکرێت، کە بەناو دونیایەکدا ڕۆدەچێت و داهێنانی ئیستێتیکی تێدا دەدۆزێتەوە، کە زۆرجار بۆ نووسەری خاوەن بەرهەمەکەش ئاسان نییە و ڕەنگە پەی پێنەبردبێت، هەر لەم ڕوانگەوەیە نووسەرێکی ناوداری وەك "یۆسا" لەباسی کاریگەریی "بۆرخیس" لەسەری دەڵێت: ((نووسەر هەمیشە ئاگاداری ئەو کاریگەرییانە نییە کە بەسەریەوەیەتی، چونکە من ڕۆمان و کورتەچیرۆکی ڕیالیستی دەنووسم، کارەکەی من جیاوازی زۆرە لەگەڵ بۆرخیس، بەڵام لەوکاتەی کە بۆرخێسم دۆزیوەتەوە، چەندین جار بە ستایشەوە نووسینەکانیم خوێندووەتەوە. ئەم حەزە بەجۆرێك کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی نووسیومە هەرچەندە کە ناتوانم بڵێم لە کامە شوێنی دیاریکراودا ڕەنگیداوەتەوە))(یۆسا: 2009، 25).

بۆیە نابێت نووسەر وەك کەسێکی داهێنەر لەناو بۆتەی کاریگەریدا بتوێتەوە، نابێت گەیەنەری ڕامان و سەرسامبوونێك بێت، کە لە ئەنجامی یەکێك لە سەرچاوەکانی کاریگەرییدا بەریکەوتووە، بەڵکو دەبێت ئەو وردبوونەوە و ڕامانە بکاتە هۆکارێکی باشی داهێنان، دەبێت لە بەرامبەر کاریگەرییەکان کاردانەوە و تێپەڕاندنیشی هەبێت، هەروەك فرۆم (*Fromm*) دەڵێت: ((داهێنان لەسەر توانای تێڕامان و وردبوونەوە و هەستیاری دەوەستێت، لەگەڵ بوونی وەڵام و کاردانەوە بۆی))(قطامي"د": 1992، 99). بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە خاسییەتەکانی داهێنان بریتییە لە جیاکردنەوەی دەنگی تایبەتی کەسی داهێنەر، بەجۆرێك کە سنووری تایبەتێتیی جیاکاری بۆ خۆی بکێشێت و نەبێتە جووینەوەی وتەی وترا و کێشانی وێنەی کێشراو.

لەناو ئەو ڕەنگ و دەنگە جیاوازانەی، کە لە شێوەی جیاجیای کاریگەری بەر نووسەر دەکەوێت، نووسەر دەبێت بیانکاتە پاڵپشت و واژەی داهێنان، پارێزگاری لە تایبەتێتی و تاکایەتی و نەتەوەیی خۆیی بکات، وەك (دیستۆفسکی) دەڵێت: ((هیچ نووسەرێکی ڕووس، بەو قووڵییەی پۆشکین وابەستەی گەلەکەی نەبوو، بەڵام بێ ئەوەی نەتەوەییەکی بەرچاوتەنگ بێت))(حەسەن: 2011، 11).

کاریگەری بەهێزترین هۆکارە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی هەر ئەدەبێك، چونکە مێژووی ئەدەبیی زۆرێك لە نەتەوەکان ئەوەی سەلماندووە هەر ئەدەبێك لەناو کایەی ئەدەبی خۆیدا سوود لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر وەرنەگرێت و خۆی دوورەپەرێز و گۆشەگیر ڕابگرێت، دوادەکەوێت و ناتوانێت لەگەڵ گەشەکردن و نوێکاری ئەدەبی جیهانیدا بڕوات و جێگای خۆی بکاتەوە.

زۆربەی ئەو بەرهەمانەی خۆیان لە سنووری کاریگەریدا دەبیننەوە، لەئاستی ناوخۆییدا سەرباشقە و دەرکەوتوون، دیاردەی کاریگەری چەندە پەیوەستە بە ئاست بڵندی و شاکاری ئەدەبی جیهانییەوە، کە وەك بەرهەمێکی مرۆڤایەتی لێهاتووە بەجۆرێك بووەتە موڵکی گشت مرۆڤایەتی، هێندەش پەیوەستە بە هەلومەرجی ناوخۆیی و دۆخی ناوەکیی بەرهەمی کارلێکراو و ئامادەیی ئەو ئەدەبە بۆ وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی کولتووری، چونکە ((کاریگەری هۆیەکی جەوهەرییە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی میللەتانی جیهان و فراوانبوونیان))(غویار: 1978، 37).

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێین ئەوەی ناو و ئاستی کاریگەری بەرهەمێك دەردەخات، ڕێژەی لاساییکردنەوە و چاولێکردنی ئەو بەرهەمەیە لە بەرهەمەکەی پێشووتری خۆی، هەر ئەمەشە وادەکات یەك دیاردە و چەمك (کە کاریگەرییە)، چەندین دیاردە و چەمکی تری ئەدەبی لێ بکەوێتەوە. لەوانە: (وەرگرتنی نائاگایی *Unconscious borrowing*[2*] ، ئیلهام وەرگرتن *Inspiration*[3*] ، دزیی ئەدەبی [4*]*Plagiarism*).

---

*1- وەرگرتنی نائاگایی: پرۆسەیەکی خۆنەویستی دەروونییە، بریتییە لە دەرکەوتنی سەرچاوە جیاجیاکانی پێکهێنانی مەعریفەی نووسەر لە دەقدا.

3*- ئیلهام وەرگرتن: ئیلهام ئامادەیی و توانای دەرککردنە، یان شێوە کاریگەرییەکە هێزی ئەفراندن لە زیهندا دروستدەکات، یان هۆکارێکە دەبێتە هۆی سەرەتای وروژاندنی بیر و خەیاڵی نووسەر و دەستپێکی دروستبوونی بەرهەمێکی نوێیە.

*3- دزیی ئەدەبی: بریتییە لەوەی کەسێک بیر و قسەی کەسێکی تر وەردەگرێت و دەیداتە پاڵ خۆی، دیارە ئەمەش دوای ئەوەی کە بەو بیر و قسەیە سەرسامبووە و کاریگەریی لەسەری هەبووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم شێوە جیاوازانەی کاریگەری بڕوانە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:36-55
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**3- قوتابخانەی فەرەنسی و پرینسیپەکانی:**

ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەوروپا بە تایبەتی لە فەرەنسا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، بۆیە ئاساییە ئەگەر سەرەتاکانی ئەم ئەدەبە هەوڵی پێشاندانی مەزنی و کاریگەریی ئەدەبی فەرەنسی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تری ئەوروپا دەربخات و بەرزی و باڵایی و ڕەسەنایەتی بەخۆی ببەخشێت. هەبوونی ڕوانینە جیاوازەکان بۆ زانستی ئەدەبی بەراورد و دیاردەکانی وەك: لێکچوونی ئەدەبی و کاریگەری و کەوتنە بەر کاریگەری و پەیوەندیی مێژوویی و ڕایەڵە جیاجیاکانی... هتد، بووە هۆی هاتنەئارای چەندین دید و ڕوانینی جیاواز، کە خۆیان لە چەند ڕەوت و قوتابخانەیەکی جیاوازدا دەبیننەوە. یەکێك لەوانە: قوتابخانەی فەرەنسییە، کە بە یەکەمین قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێت و بایەخ بە پەیوەندی و لێکچوونی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان دەدات. لەم قوتابخانەیەدا ڕێگە نادرێت ئەدەب بە هونەرەکانی تر یان لقە زانستییە مرۆڤایەتییەکانی تر بەراورد بکرێت. بەگشتی ئەم قوتابخانەیە لەسەر چەند پرەنسیپێکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی خۆی ئەنجامدەدات، گرنگترین ئەو پرەنسیپانەش بریتین لە:

1- بەراوردکردنی نێوان دوو ئەدەبی زمان جیاواز.

2- هەبوونی پەیوەندی مێژوویی بەڵگەدار، کە بووەتە هۆی دەرخستنی دیاردەی کاریگەری و کارلێککراو.

3- جەختکردنەوە لەسەر دیاردەی کاریگەری و کارلێککراو و ڕایەڵەکانی دروستبوونی(المناصرة: 1987، 15-17).

نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیەش بریتین لە: (پۆل ڤان تیگم- فرانسوا گۆیار- جان ماری کاری).

**بەشی دووەم: کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پامووك لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی**

بە نموونەی هەردوو کارەکتەری غوربەتی "کا" و "زوهدی شازەمان"

غوربەت چەمکێکی فەلسەفی و مێژووییە، خۆی لە دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، ڕەگ و ڕیشەی جیاجیای هەیە و گەلێك هۆکاری وەك ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانیدا هەیە. غوربەت یەکێکە لەو دیاردە کێشە هەڵگرانەی بەدرێژایی مێژوو جێگای تێرامانی زۆرێك لە فەیلەسوفان و بیرمەندان بووەو زۆر پێناسە و تێروانینی جۆراوجۆریان لەسەر دەربڕیوە، هەر بۆیە ناساندنی ئەم بابەتە زیاد لە پێناسەیەك لەخۆدەگرێت، کە کەمتازۆر پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە. غوربەت ((دیاردەیەکە لەدێر زەمانەوە لەوکاتەوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دروستبوون، غوربەتیش لەگەڵیاندا دروستبووە، لەگەڵ هاتنی قەیرانەکانی مرۆڤ و دەرکەوتنی جۆرەکانی غوربەت، مرۆڤ بەپێی پێوانەی ئەوکات و توانای ئاسایی و ڕۆحی خۆی ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەگەرچی هەندێکجاریش ورەی دەڕوخاو تەسلیم دەبوو، نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێ))(جعفر: 1999، 1).

مەبەست لە غوربەت هاتنی جۆرە بارێکی نەگونجاوی نائاساییە بۆ مرۆڤ، کە لە ڕێگەی یەکێك لە هۆکارەکانی غەریبکەوتنەوە دێت، هەندێك پەیوەستی دەکەن بە گەلێك هۆکاری ڕوخساری و دەرەکییەوە، کە خۆی لە گۆڕینی شوێن و جێگۆڕکێی زادگادا دەبینێتەوە، لەڕێگەی کۆچکردنی کەسی غوربەتییەوە بۆ مەنفا، کە نامۆیە بە نەتەوە و کولتوور و زمان و بیرکردنەوەی خۆی. هەندێکیتر پەیوەستی دەکەن بە بارێکی ڕۆحی و دەروونی ناجێگیرەوە، کە مرۆڤ چ لە خاك و زادگای خۆی چ لە مەنفا و نامۆبوونیدا لێی دانابڕێت، ئەم جۆرە غوربەتە سنووری جوگرافی نیشتمان ناناسێت و شوێن ڕۆڵی نییە لە سەرهەڵدانیدا، چونکە زیاتر لکاوە بە ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە و مرۆڤ نامۆ دەکات لە خود، وای لێ دێت هەست بە جیاوازی ناکات لە نێوان زادگا و مەنفادا، ئەمەش سەختترین جۆری نامۆییە، چونکە ((نامۆترین نامۆ ئەو کەسەیە کە لە نیشتمانەکەی خۆشیدا نامۆیە))(مجاهد: 1985، 117). واتە لەناو کۆمەڵگاکەی خۆشیدا هەست بە نامۆیی دەکات و دەبێتە هۆی ڕاڕاییەکی توند کە نە لە نیشتمان دەحەوێتەوە نە لە مەنفاش ئۆقرە دەگرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە نامۆبوونەکە پەیوەستە بە ناخ و دەروونی کەسەکەوەو گۆڕینی شوێن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوینەوەی نامۆبوونەکە نابێت. بۆیە لەزۆر حاڵەتدا ((ئەم جۆرە نامۆییە سەر دەکێشێت بۆ لەدەستدانی هۆش یان ناتەواوی

- *J.A.Cuddon (revised by C. E. Preston), The Penguin Dictionary of Literary Terms and Literary Theory, P 421- 969.* انتشارات رهنما، چاپخانه حافظ، تهران بهاری 1385،
- جمال میر صادقی، میمنت میر صادقی (ذوالقدر)، واژەنامه هنر داستان نویسی، فرهنگ تفصیلی اصطلاح های ادبیات داستانی، چاپ دوم، نشر کتاب مهناز، تهران1388، ص37.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

توانای عەقڵی و هزری، زۆر جاریش بەکەموکورتی لە توانای هەستکردندا ناوزەدکراوە، بۆ نموونە لە سەدەی پانزەدا زیاتر بۆ کەسێك بەکارهاتووە کە لە عەقڵ و تێگەیشتن بێبەشبووبێت))(مجاهد: 1985، 65). لە نامۆبوونی خودیدا مرۆڤ پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەدەستدەدات، ناتوانێت کەسێتی و خودێتی خۆی بەرجەستە بکات، حەزکردن بە تەنهایی و گۆشەگیری لەلای دەبێتە ئارەزوویەکی خۆنەویست، ئەمەش لەدوای دەستەوەستانی توانای عەقڵی و شیکردنەوە و لێکدانەوە قەناعەتپێهێنەرەکانی لەمەڕ پرسیار و سەرنج و بیرکردنەوەکانی، بۆیە ڕەشبینی بەسەر هیواو خەونەکانیدا زاڵ دەبێت و لەگەڵ ململانێ دەروونییەکانی خۆیدا دەگاتە بنبەست، تا وای لێ دەکات جگە لەوەی لە خەڵکانی دەوروبەر دادەبڕێت، لە خودی خۆیشی دادەبڕێت، بۆ نموونە (ئەلبێر کامۆ) لە ڕۆمانی (نامۆ)دا وا باسی (میرسۆ)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی دەکات، کە مرۆڤێکە بەشێوەیەکی نائاسایی ژیان دەگوزەرێنێت و ناتوانێت وەك خەڵکانی تر ئاسایی بژی، تا ئەوەی بەرامبەریان دەوەستێت و نەگونجانی خۆی بەرامبەریان موومارەسە دەکات.

هاوپێوەند بە نموونە پراکتییەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بە پێویستی دەزانین بەکورتی تیشکێکی زیاتر بخەینە سەر نامۆیی جوگرافی، کە لە کورتترین مانادا گواستنەوەی جوگرافیای مرۆڤە لە شوێنی زادگاوە بۆ شوێنی مەنفا و نامۆ بە زادگا. کاتێك مرۆڤ لەناو نیشتمان و کۆمەڵێکدا لەدایك دەبێت و گەورە دەبێت، ئاساییە بەشێوەیەکی خۆنەویست هۆگری ئەو نیشتمان و کۆمەڵە ببێت، بۆیە دوورکەوتنەوە و دابڕان لێی دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتێکی دەروونی وا، کە هەست بە بۆشاییەکی ئازاربەخش و لەدەستدانی خۆشەویستی و ئاواتخواستن بۆ ڕابردوویەکی تیاژیاوی نیشتمان دەکات، لەبەرامبەر ئێستایی ژیانێکی ناو کۆمەڵ و فەرهەنگ و کولتوورێك، کە نامۆیە پێی و ناتوانێت خۆی تێدا ببینێتەوە. نامۆیی جوگرافی بریتییە لە ((لەدەستدانی ژیانی ناو نیشتمان و ڕووکردنە شوێنێکی تر لە دەرەوەی نیشتمان، جا ئەم گواستنەوە و لەدەستدانە بەخواستی خودی مرۆڤ بێت یان لەژێر فشار و کاریگەرییەکی تردا بێت، وەك جەنگ و داگیرکاری و فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی...هتد))(جاسم: 1986، 56).

نامۆیی جوگرافی بە کۆنترین جۆری نامۆیی دادەنرێت، بەگوێرەی زۆرێك لە سەرچاوە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی مرۆڤ بەتاوانی خواردنی خۆراکی حەرامکراو لە بەهەشت دەرکراو فڕێدرایە سەر زەوی، دواتر تووشی چەندین کێشە و چەرمەسەری ژیان بوو. هەر لێرەشەوە ڕەگ و ڕیشەی نامۆیی لە مرۆڤدا بۆ شوێنگۆڕکێی دەگەڕێتەوە، کە لە جێگە شایستە و هەمیشەییەکەی "بەهەشت" وەدەرنراوە، هاوکات وەك سزایەکیش لەبەرامبەر تاوانێك تووشی نامۆیی و خەمی خۆلەخۆنامۆبوون هاتووە. ئەم جۆرە نامۆبوونە ئەگەر لە سەرەتادا بۆ جێگۆڕکێی شوێن گەڕابێتەوە، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات بووەتە جۆرە نامۆییەکی ناوەکی، کە تەنیا لەناخی مرۆڤەکاندا هەست بە بوونی دەکرێت و مرۆڤی کردووەتە بوونەوەرێکی لەخۆ نامۆبوو، ئەمە سەرباری بەرهەمهێنانی چەندین پرسیاری وەڵام قورس.

هەر لە سەردەمانی کۆنەوەو دوای جێگیربوونی مرۆڤ، مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسایی پەیوەستبووە بە شوێنی لەدایکبوونی خۆی و خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە، چونکە نیشتمان تاکە شوێنێك بووە، کە باوەشی بۆ کردووەتەوە و ماف و دەرفەتی ژیانی بۆ ڕەخساندووە، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی کێشە جۆراوجۆرو یەکلەدوایەکەکان و هەوڵی بەردەوامی مرۆڤ بۆ باشترکردنی حاڵ و گوزەرانی و گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر، وایکردووە چ بەخواستی خۆی بێت، چ بە فشار و زۆرداری یان هەر هۆکارێکی تر، شوێنی خۆی جێبهێڵێت و ڕێگەی ئاوارەبوون بگرێتەبەر، لێرەشەوە نامۆیی جوگرافی دەبێتە هەستێکی قووڵی تاکانە بۆ جارێکی تر بینین و تیاژیانی تاك لە زادگای خۆی، کە گەیشتنە بەو وێنە باڵا و ئاواتە نۆستالیژییەی لە هەناویدا ڕەنگیداوەتەوە، یان هەوڵی گەیشتنی تاکە بە شوێنی هۆگربوون.

مەنفا واتە گەڕان بەدوای سەرزەمینێکی خەیاڵی کە جێگەی لە حەز و خولیای مرۆڤ چەسپاندووە، بیری هەڵهاتن بیرێکی گشتییە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت بۆ گەیشتن بەو شوێنە مەجازییەی باوەڕی پێیەتی و هۆکانی هەڵهاتنی لێیە. بۆیە ئەگەر مرۆڤ بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار لە شوێنێك هەڵبێت، ئەوا کۆمەڵێك هۆکاری تر وادەکات بۆ هەمان شوێن بگەڕێتەوە، جا ئەو هۆکارانە خودی و تایبەتی بن، یان گشتی و بابەتی.

زۆرجار مەنفا دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستێکی نۆستالۆژیانەی وا، کە هەموو هزر و خەیاڵ و ڕۆحی کەسی نامۆ دەگرێتەوە، تا ئەوەی بە ڕابردوویەکی تیاژیاوەوە گرێی دەدات، کە لە هەناویدا ژیانە لەگەڵ خەون و خەیاڵ و یادگارییە بەجێماوەکانی نیشتمان، هەڵهاتنە لە ئێستا و گەڕانەوەیەکی توندە بۆ ڕابردوو، پەیوەندییەکی زیهنی پەیوەستەگییە بە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون، سەرمەستبوونە بە دروستبوونی تێڕوانینێکی هەمیشە بیرلێکراو بۆ گەڕانەوە و شادبوونەوە بە مەنزڵگای نیشتمان. هەر بۆیە وتنەوەی گەڕانەوە یەکێکە لە دروشمە هیوابەخشەکانی کەسی نامۆ، کە دەیخاتە بەردەم ڕێگایەکی حەتمی و کردەیەکی بۆکراوی جێی هیوا، تا دەیگەیەنێتە ئاستی ڕاستەقینەی خۆشویستن و بە ئایدیاکردنی نیشتمان، تا ئەوەی لەڕێگەی هەستێکی قووڵی گەڕانەوە بۆ نیشتمان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەیخاتە دووڕیانێکی پڕ لە ڕاڕایی و لاوازی بڕیار. کەواتە مەنفا شوێنی بەپیرۆزکردنی نیشتمانە، گەیشتنی مرۆڤە بە ڕاڕایی لە بڕیاری مانەوە و گەڕانەوە، تیاژیانی کەسی نامۆیە لە بیرکردنەوەیەکی دیوالیتی و خستنەسەر کەڵکەڵەی دووڕیانێکی دژبەیەك، کە ئایا مانەوەی بەردەوامییە یان تەواوکاری گەڕانەوەیە؟!

زۆرجار مەنفا دەبێتە هۆی بەئاگابوونی زیاتری کەسی نامۆ لە زادگا، هەروەك (تۆدۆرۆف) لە کتێبی (ئێمە و ئەوانی دیکە)دا دەڵێت: ((پەناهەندە هیچ ئاگاداری و زانیارییەکی لەبارەی ئەو شوێنەوە نییە کە لێی دەژی))(ئەمین: 2008، 29). بەڵام کاتێك مومارەسەی غەریبکەوتنەکەی دەکات، لەڕێگەی بەراوردکردنەوە"مەنفا- نیشتمان" بەدوای زانیارییەکانی زادگادا دەچێت، لەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش، کە بە ئەزموونێکی ئاگایانەوە پێی دەگات، ئیتر لێی دانابڕێت و بەردەوام لە مەنفاشدا لەگەڵی دەژی.

بابەتی غوربەت و گەڕانەوە بۆ زادگا لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا بووەتە تۆوی بەرهەمهێنانی چەندین کاری ئەدەبی بەتایبەت ڕۆمان، کە لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان ڕوانیوە، ئەمەش بەهۆی ڕەنگدانەوە و کاریگەریی خۆشەویستی و جوانی زادگا و نیشتمانەوە بێت، یان دەربڕی حاڵ و موعاناتی نووسەری غوربەتی بێت، کە لەڕێگەی کارەکتەرە غەریبکەوتووەکانیەوە مەبەستێکانە جۆرەکانی غوربەت دەخەنەڕوو، بۆ نموونە: (ڤلادیمیر نەباکۆڤـ 1899- 1977) سیمبولی ئەدەبی تاراوگەی ڕووسییەو زۆرێك لە بەرهەمەکانی گێڕانەوەی حەسرەتی ئەم نووسەرە گەورەیەیە بۆ وڵات و کولتووری لەدەستچوو. لە ڕۆمانەکانی (ماریا) و (پنین)دا ئەوە ژیانی نەباکۆڤە گلۆڵەی ئاڵۆزی ناسنامە و مەودای قووڵی نێوان ئێرە و ئەوێ وێنا دەکات. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕۆمانە ڕووسیایان بەجێهێشتووە و لەگەڵ ژیانی پڕ مەینەت و ئازاری تاراوگەدا سەرگەردانیی خۆیان ئەزموون دەکەن، ئەوان بەردەوام بەناخی خۆیاندا شۆڕدەبنەوە و ڕابردوو لە هەموو ساتەکانی ژیانی ئێستایاندا خۆقوتدەکاتەوە(ئەحمەد زادە"د": 2012، 134). یان نووسەری ئەڵمانی (ستێفان زوینگ 1881- 1942) لە ڕۆمانی (گەمەی شاهانە 1942)دا کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەی دوور لە خەڵك لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدا دەژی و ڕۆژانە لەگەڵ خۆی شەترەنج دەکات. (ستێفان زوینگ) یەکێکە لەو سەدان نووسەرە ئەڵمانییەی لەبەر هێرشی نازییەکان وڵات بەجێدەهێڵن و هەڵهاتنیان لەچنگ نازییەکان بە گەورەترین شەپۆلی ئاوارەیی کولتووری مێژوو دادەنرێت، لەنێو ئەم هیجرانە گەورە کولتوورییەدا کەسانی وەك: "توماس مان، هێنریش مان، بێرتۆڵت برێشت، هێرمان برووك، کورت تۆخۆلسکی...هتد" جێدەگرن. لەم هیجرانە گەورەیەدا زۆر نووسەر و شاعیر سەریان نایەوە، بەڵام زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەر و شاعیرە گەورانە بوون بەو سەرمایە هزری و ئەدەبییە گەورەیەی، کە جێگەی شانازی مرۆڤایەتین. ئەگەر ئەدەبی تاراوگەی ڕووسی لە کارەکانی "نەباکۆڤ" دا پڕ بێت لە نۆستالۆژیای نووسەر، ئەوا ئەدەبی تاراوگەی ئەڵمانی دواجار ئەو بەرهەمە هزری و فکرییانەن، کە نامۆیی مرۆڤ نەك هەر لە چەمکی وڵات بگرە لە مرۆڤیش نیشاندەدەن(ئەحمەد زادە"د": 2012، 135).

ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیشدا بووەتە هۆی پێکهێنانی زۆرێك لە گوتار و جیهانبینی ڕۆمانەکان، کە وەك ڕەنگدانەوەی ژیانی تاکی کورد و گواستنەوەی بۆ ناو کارەکتەرێکی ڕۆمانی خراوەتەڕوو، هەر بۆنموونە زۆربەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی "فەرهاد پیرباڵ" غەریبدەکەون، هەست بە بێگانەیی دەکەن، لە ئاوارەیی و دوورە وڵاتییەوە خەمی نیشتمان دەچێژن، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە و مەبەستمانە لە چوارچێوەی کاریگەری و سیمای وەکیەکی کارەکتەری غوربەتی بیخەینەڕوو، ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلییە، کە کەم تا زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری و بەریەککەوتن لەگەڵ ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموك[5] و ئەو کاریگەرییەش بەجۆرێك بە پرۆسەی تێکرژاندا ڕۆچووە، کە زۆر لێکچوونی وێنە و بیر و ڕووداو و داڕشتن و کەسێتیی کارەکتەر و نزیکیی وەسف و کات و شوێن... هتدی لێ هاتووەتە بەرهەم.

---

5- ئۆرهان پاموک: گەورە ڕۆماننووسی تورک لە ساڵی 1952 لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە، خاوەنی چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و دەرەکییە، دیارترینیان خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات ساڵی2006 بوو، کە بووە دووەم لاوترین کەس کە ئەم خەڵاتە وەربگرێت، بەرهەمەکانی پاموک بۆ زیاتر لە 50 زمان وەرگێڕدراون و لە 100 وڵاتی جیهانی دەخوێندرێنەوە، نووسەر تا ئێستا لە ژیاندا ماوە و لەو ماڵە ژیان دەگوزەرێنێ کە تێیدا لەدایکبووە لە ئەستەمبوڵ، لە ڕۆمانەکانیشی: (جەواد بەگ و کوڕەکانی1982- ماڵی کپ1983- قەڵای سپی1985- کتێبی ڕەش1990- ناوم سوورە1998- بەفر2002....هتد. ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لە ساڵی 2004 ڕۆمانی "بەفر"ی خستە ڕیزی باشترین 10 کتێبی ساڵەوە لەسەر ئاستی جیهان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
- ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆرهان پاموک، و: بەکر شوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر2007.
_http;//arsiv.ntv.com.tr/news/131480.asp.
_https://www.edebiyatfakultesi.com/kar.htm?fbclid=IwAR2PpE43Hla4OSiAzNBOyGQAiYOB3LR6vIh56KmqzHBG0afVHMP2Oc951Qs
_https://www.edebiyatfakultesi.com/kar.htm?fbclid=IwAR2PpE43Hla4OSiAzNBOyGQAiYOB3LR6vIh56KmqzHBG0afVHMP2Oc951Qs


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پاموک لەم ڕۆمانەدا یادگارییەکانی خۆشەویسترین هاوڕێی دەگێڕێتەوە کە لە پەنجاکانی سەدەی پێشوو لە یەکێک لە خانووەکانی "نیشانتاش" لە ئەستەمبوڵ لە خێزانێکی کۆمارچێتی عیلمانی ئەرستۆکراتی لەدایکبووە. باوکی "کا" پارێزەر بووە و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە، هەمیشە باوکی داوای ئەوە بوو کوڕەکەی ببێت بە شاعیر، بەڵام بۆ "کا"یەکی لەگەڵ پەروەردە و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا گەورەبوو گرنگترین شت بۆ ئەو شیعر بووە و دوو گەورەترین سەرچاوەی ترس لە ژیانیدا بریتیبوون لەوەی شیعری خراپ بنووسێت و نەتوانێت وەک کەسێکی ئاسایی بژی(*BRANN RİLEY: 2007, 15*).

"کا" ناوی کورتکراوەی "کەریم ئاڵا کوش ئۆڵۆ"ی شاعیرە، کە هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە یەکەم پیتی خۆی"کا" بەکارهێناوە، تا ببێتە ناونیشانی شیعری و ئەدەبی بۆی. "کا" پیاوێکی باڵابەرز و پێستێکی ناسک و قژێکی ماش و برنجی ئاڵۆزکاوی هەبووە، زۆربەی کات قاپوتێکی خۆڵەمێشی لەبەرکردووە، جگە لە شاعیر ڕۆژنامەنووسیش بووە و لە ڕۆژنامەکاندا وتاری بڵاوکردووەتەوە. "کا" ماوەیەکی زۆر لە فرانکفۆرد لە ئەڵمانیا ژیاوە و بەهۆی مردنی دایکییەوە دوای "12" ساڵ لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بۆ ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە و هەندێک توێژینەوە و وتار بۆ ڕۆژنامەکان ئامادە دەکات لەوانە: ڕووداوە سیاسییەکان و خۆکوشتنی ژنان لە شاری قارس، لەپاڵ ئەمانەدا "کا" بە کەشێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی جیاجیادا تێدەپەڕێت لەوانە: دۆزینەوەی هاوڕێکانی سەردەمی زانکۆی و "ئیپەک"ی عاشقە کۆنەکەی... دەتوانرێت ئەم گەڕانەوەیە وەک گەڕان بەدوای ونبوونی منداڵی خوێندنەوەی بۆ بکەین، کە بەهۆی عاشقبوونی بە ئیپەک سەرەڕای ئەوەی کە چوار ساڵە شیعری نەنووسیوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئیلهامی شیعری لەسەر شێوەی مۆدێرنە بۆ دێت و دەستدەکاتەوە بە شیعر و نامە نووسین، پاش چوار ساڵ لە مانەوەی لە شاری قارس دەگەڕێتەوە بۆ فرانکفۆرد و لە درەنگانێکی نیوەشەودا لەدواوە هێرش دەکەنە سەری و دەیکوژن. واتە ئەم کارەکتەرە بناغەیەکی واقیعی هەیە و بە خەیاڵێکی ئەدەبییانەی پاموک ڕووپۆش کراوە(*BRANN RİLEY: 2007, 16*).

لێرەدا بەکورتی هەندێ خاڵی لێکچوون و کاریگەریی ڕۆمانی "بەفر" لەسەر ڕۆمانی "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ" دەخەینەڕوو، بەتایبەتیش سەرنج لە هەردوو کارەکتەری غوربەتی ناو هەردوو ڕۆمان "کا" و "زوهدی شازەمان" دەدەین، دوای گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمان و زێدی خۆیان.

**1- لێکچوونی کەسێتی:** پاموك (کا) وەك کەسێکی تەنیا و بێکەس و شەرمن دەناسێنێت، کە تەمەنی 42 ساڵە و تا ئێستا ژیانی هاوسەری پێکنە هێناوە (تەمەنی چل و دوو ساڵ، زگورتییە و هەرگیز ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە... حەز بە تەنیایی دەکات و زۆر شەرمنە)(پاموک: 2007، 35). هەروەها لە وەسفی جەستە و هەیکەلیدا دەڵێت: (لەسەر کورسییەکە بەجۆرێك خۆی گرمۆڵە کردووە هەست بە بەرزیی باڵای ناکرێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ تورکەکاندا، ئەو باڵای بەرزترە. پێستێکی سپی هەیە کە بەهۆی سەفەرەوە مەیلەو زەرد دیارەو قژێکی ماش و برنجی پێوەیە)(پاموک: 2007، 35).

ئەگەر سەیری ڕۆمانی غەزەلنوسیش بکەین دەبینین بەختیار عەلیش بە هەمان سیفات (زوهدی شازەمان) دەناسێنێت و دەڵێت: (من زوهدیم، زوهدی شازەمان.... لەبەر ئەوەی کەسم نەماوە، خێزانێك شك نابەم بچمە لای لەم ئوتێلە دابەزیوم)(عەلی: 2008، 173). یان لەجێگایەکی تردا زوهد خۆی دەڵێت: (پێموابوو قەدەر منی فڕێداوەتە ناو سەیرترین پنتی ئەم وڵاتەوە، بۆ ناو ناوازەترین و ڕیزپەڕترین کەسانی ئەم شارە) (عەلی: 2008، 482). گێڕەرەوە لە وەسفی جەستە و بەدەنیشیدا دەڵێت: (پیاوێکی درێژی باریك بوو لە پانتۆڵێکی تۆزاویدا، باڵای لەسەروو دوو مەترەوە بوو، قژێکی سپی درێژ و دەموچاوێکی ساف و پاك تاشراوی هەبوو) (عەلی: 2008، 87). یان دەڵێت: (کاتێك ماجەلانی ڕاستەقینەیان هێنا بۆ زیندان (مەبەست هەر زوهدی شازەمانە ـتوێژەرـ)... بەو قژە درێژ و باڵا بەرزەیەوە لە دەرگای زیندانەکە هات بەودیودا سامێکی وەها گەورەی هەبوو تەواوی دیلەکان ماوەیەکی درێژ بێدەنگبوون و سەیریاندەکرد)(عەلی: 2008، 599).

بەم جۆرە کەمتازۆر هەست بە نزیکی و لێکچوونی وەسفی هەردوو کەسێتی غوربەتی دەکەین، بە تایبەتی لەڕووی ئەوەی کە: (هەردووکیان بێکەسن- خێزانیان پێکنەهێناوە- باڵابەرز و باریکن- دەموچاو و قژیان سپین).

**2- گەڕانەوەیان لە ئەوروپا:** (کا) تەمەنی چل و دوو ساڵە و لەدوای دوانزە ساڵ غەریبی لە ئەوروپاوە (ئەڵمانیا) دێتەوە بۆ وڵاتی خۆی (تورکیا) و ڕاستەوخۆ بۆ شاری (قارس)، لەوێش لە ئوتێلێك بەناوی (بەفر پاڵاس) لادەدات و کلیلی ژووری 203 لە کارمەندی ئوتێلەکە وەردەگرێت، تا تێیدا بحەوێتەوە(تەمەنی چل و دوو ساڵە.... ماوەی دوازدە ساڵ بوو وەکو پەنابەرێکی سیاسی لە ئەڵمانیا ژیانی بەسەر دەبرد)(پاموک: 2007، 34-35). یان دەڵێت: (بەدەم پرسیارکردنەوە بۆ زانینی ناونیشانی هۆتێلی (بەفر پاڵاس) کە لە ئەستەمبوڵەوە بە تەلەفۆن ژوورێکی تێدا گرتبوو... (کا) کلیلی ژووری 203ی لە جاویدی کارمەندی هۆتێلەکە کە لە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

هۆڵی بنمیچ بەرزی پێشوازی هۆتێلەکەدا سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، وەرگرت و چووە ژوورەکەی خۆی، دوای کلیلدانی دەرگاکە، هەستی بە حەوانەوە کرد)(پاموک: 2007، 38-40).

بە هەمان شێوە "زوهدی شازەمان" لە وڵاتی غەریبی ژیاوە(تەمەنم بیست و چوار ساڵ بوو کە ئێرەم بەجێهێشت)(عەلی: 2008، 117). دوای بیست و چوار ساڵ غەریبی لە ئەوروپا (ئینگلتەرا)وە بۆ وڵاتی خۆی (کوردستان) دەگەڕێتەوە، لە ئاستی نەوتراویشدا ڕاستەوخۆ ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات و لە ئوتێلێك بەناوی "بەفر و سەراب" لادەدات، کلیلی ژووری 213 لە کارمەندی ئوتێلەکە وەردەگرێت، تا تێیدا بحەوێتەوە(لە ڕۆژێکی مانگی ئابی ساڵی دووهەزار و چواردا، بە خۆی و جانتایەکی کۆنەوە، لەپێشدەم ئوتێلی "بەفرو سەراب"دا لە تەکسییەك دابەزی.... دوای بیست و چوار ساڵ یەکەمجاری بوو بگەڕێتەوە. کە پاسپۆرت و شوناسنامە ئینگلیزییەکەی دا بە خاوەن ئوتێلەکە)(عەلی: 2008، 87). یان دەڵێت: (کابرا... بەڕێزێکی زۆرەوە جانتاکەی بۆ هەڵگرت و بەرەو ژووری 213 پێشیکەوت... کە کابرا ڕۆیشت، بە هێمنی کراسەکەی داکەند و لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت، ئێستیکی کورت چاوانی لێکناو هەناسەیەکی قووڵی وەك هەناسەی یۆگییەکان هەڵکێشا)(عەلی: 2008، 88-89).

لێرەدا بە ئاشکرا هەست بە لێکچوونی وێنەکان و نزیکیی واتایی لە باسکردنی هەردوو کارەکتەردا دەکەین، لەوانە: (هەردووکیان غەریبن و لە ئەوروپاوە دێنەوە- ڕاستەوخۆ بۆ حەوانەوەی خۆیان ڕوو لە ئوتێل دەکەن- ناوی دوو ئوتێلەکە زۆر لە یەکەوە نزیکن (بەفر پالاس- بەفر و سەراب)، ژمارەی ژووری ئوتێلەکەیان "203- 213"یە).

دوای گەڕانەوە و حەوانەوەشیان لە ئوتێل هەردووکیان ئاگادار دەکرێن دەبێت سەردانی ئاسایش بکەن:

ڕۆژنامەنوسێك بە (کا) دەڵێت: (با بچین سەرێك لە قاسم بەگی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش بدەین، کەس نازانێ چ دەقەومێ! با ئەویش لە هاتنتان ئاگادار بێت. بەپێی نەریتێك کە مێژووەکەی بۆ سەرەتایی ساڵەکانی 1940 دەگەڕایەوە، هەر بیانییەك بگەیشتایە ئەو شارە، با ڕۆژنامەنووسیش بوایە، پێویست بوو خۆی بە پۆلیس بناسێنێ. (کا) وەکو سیاسییەکی دوورخراوەی دوای چەندین ساڵ گەڕانەوە بۆ وڵات و لەبەر ئەوەش هەستی بە جموجۆڵی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش کردبوو کە ئەگەرچی بە ئاشکراش باس نەدەکرا، پێشنیارەکەی ڕەت نەکردەوە)(پاموک: 2007، 43).

ئەمە جگە لەوەی کە لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا بەهۆی کەشی سیاسیبوونی ڕۆمانەکەوە، ڕۆماننووس (کا) بە زنجیرەیەك دیالۆگ و بابەتی جیاواز لەگەڵ کەسانی ئاسایش و سەربازیدا دێنێتە گۆ، بە مەبەستی جیاواز لە (زوهدی شازەمان) دەیبەن بۆ زیندان، بۆ ناسینەوەی ئەندامی حیزبێکی ئیسلامی (دوێنێش لەناو وێنەکاندا بکوژەکەی بۆ دەستنیشان نەکرا بوو، پێیان گوت بەڵکو ئەمڕۆ بکوژەکە لەناو ئەو قوتابییە ئیسلامیانەدا دەستنیشان بکات)(پاموک: 2007، 257). یان (کارمەندە دەموچاو خڕیلانەکەی ئاسایش گوتی: ئێستا هەوڵ بدەن ئەو کەسە دەستنیشان بکەن، بە وردی سەیری بکەن... (کا) لە پەنجەرەکەوە کە هێندەی ناو لەپێکی دەست دەبوو، سەیرێکی ناوەوەی کرد. لە ژوورەکەدا کە شتێك لە یاتاخێك فراوانتر بوو پێنج کەسی بینی. لەوانەیە زیاتریش بوو بن)(پاموک: 2007، 257-259).

بە هەمان شێوە دەتوانین ئەم وێنە و دیالۆگانە لە ڕۆمانی غەزەلنووسیشدا بە شێوە و شوێنی جیاواز بدۆزینەوە، ئەمە جگە لەوەی (زوهدی شازەمان)یش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕاپێچی زیندان دەکرێت (خاوەن ئوتێلەکە.... گوتی "یەکێك لە ئاسایشەوە هاتووە بۆ لات" زوهدی شازەمان سەیری ساڵۆنەکەی کرد پیاوێکی بچکۆلە و پانی لە قاتێکی مەدەنیی ئوتوکراودا بینی. ئەفسەرێك بوو هەموو شتەکانی پان بوون، لەشی، سەری، دەموچاوی، لوتی... کابرا بە دەنگێکی قرخن گووتی "من نەقیب سەمەدم، لە ئاسایشەوە هاتووم، یەك دوو پرسیاری چکۆلەم هەیەو دەڕۆم"... کەس نازانێت تۆ کێیت، لەم شارەدا چی دەکەیت و لەم ئوتێلەدا ئیشت چییە؟... بەڵگەت چییە، کە تۆ خەڵکی ئەم شارەیت؟ زوهدی شازەمان بە جیدییەتێکی زۆرەوە، بە نیگایەکی خاڵییەوە لە ئاسەواری هەر خەندەیەك گووتی "بەڵگەم ئەوەیە کە زۆر ڕقم لێیەتی. مرۆڤ ڕقی لە شاری خۆی نەبێت ناتوانێت بیستوچوار ساڵ ئاوارە بێت... کابرای ئاسایش کەمێك وەستا و گووتی "بەڵگەی ترت نییە؟" زوهدی گووتی "بەڵگەی ترم ئەوەیە، کە گەڕاومەتەوە. مرۆڤ چەندە دونیا بگەڕێت، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری خۆی... ئاسایشەکە گووتی: ئیشی ئاسایشە لەگەڵ هەندێك غەریبەدا پرسیار و وەڵامی هەبێت)(عەلی: 2008: 173-174). یان (کاتێك ماجەلانی ڕاستەقینەیان هێنا بۆ زیندان "مەبەست زوهدی شازەمانە"... لە دەرگای زیندانەکە هات بەودیودا سامێکی وەها گەورەی هەبوو تەواوی دیلەکان ماوەیەکی درێژ بێدەنگبوون و سەیریان دەکرد... ماجەلانی ڕاستەقینە لە قاوشی سێ بە تۆمەتی کوشتنی غەزەلنووس و حەسەنی پیزۆ لە قاوشی پێنج بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی جەعفەری مەغۆلی و من لە قاوشی یازدە بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ ناموس گیرابووین)(عەلی: 2008، 599-600).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لێرەشدا ڕووی لێکچوون و کاریگەرییەکە بە دوو فۆرمی جیاواز بەدیدەکەین، بەتایبەت ئەوەی کە:

1- هەردوو کارەکتەر بە زنجیرەیەك دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوەی جیاواز لەگەڵ کەسانی ئاسایش و پۆلیسدا تێدەپەڕن.
2- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کارمەندانی ئاسایشی هەردوو شار لێپێچینەوە لەگەڵ کەسانی تاراوگە و غەریبەدا دەکەن.
3- هەردوو کارەکتەر بۆ دوو ئامانج و مەبەستی جیاواز ڕوو لە زیندان دەکەن.

**3- نزیکیی هۆکاری گەڕانەوەی هەردوو کارەکتەر:** ئەگەرچی (کا) لەبەر یەك هۆکاری دیاریکراو لە ئەورووپاوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەبەر بوونی چەند هۆکارێکی گشتی و تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانە بۆ بەئاگابوون و ڕووماڵکردنی مەسەلەی دیاردەی خۆکوشتنی ژنانی سەرپۆش بەسەرە، لە ڕۆمانەکەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کچانی سەرپۆش بەسەر لە ئەنجامی لۆدی زۆری دەسەڵات و ژینگەی خوێندن و ژینگەی خێزانی...هتد، وەك کۆتا چارەسەر کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن و خۆیان دەکوژن، ئەم دیاردەیەش لەناو ڕۆژنامەکانی شاری قارسدا دەنگدەداتەوە و دەبێتە بابەت و مانشێتی سەرەکییان ((کا) بە گوێی کابرادا چرپاندی: من بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و دیاردەی خۆکوشتنی ژنان ڕووم لە قارس کردووە... کابرای تەنیشتی بە هەستێکی هەڵچووەوە کە (کا) تێ نەگەیشت داخۆ هەستی بەخۆ نازینە یان شەرمکردن گوتی: هەموو ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ نووسیبوویان... ژنانی شارەکە خۆیان دەکوژن)(پاموك: 2007، 37). یان لە شوێنێکی تردا (ئەو پرسیارەی کە سەدان جار لە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەیدا لە قارس ڕووبەڕووی (کا) کرایەوە، یەکەم جار لە سەردار بەگەوە هات: بەخێربێن بۆ شاری سەرحەد ئوستادم، بەڵام چ کارێکتان هەیە لێرە؟ (کا) لە وەڵامدا گوتی کە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان هاتووم لەوانەیشە وتارێك لەسەر ئەو ژنانە بنووسم کە خۆیان دەکوژن. ڕۆژنامەنووسەکە گوتی: لێرەش وەکو وتمان بە پێوەنانەوە باس لە خۆکوشتنی ژنان دەکرێ)(پاموك: 2007، 43). واتە یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنی (کا) بۆ شاری قارس ئەوەیە بەدواداچوون بۆ خۆکوشتنی ژنان بکات.

بەهەمان شێوە هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەی (زوهدی شازەمان)یش لە ئەورووپاوە بریتییە لە سۆراخکردنی بێدەنگی و بێهەواڵیی یەکێك لە ئافرەتەکانی شار، کە ناوی (باران شکور)ە و خوشکەزای خۆیەتی، باران چەند مانگێکە نامە بۆ (زوهدی شازەمان)ی خاڵی نانێرێت و ئەو نامانەش کە لەوەوپێش ناردبوونی گومان دروستکردنە لەسەر ئازادی ژیانی و باسکردنی ترسێکە لەوەی کە دەکوژرێت ((باران شکور) ناوی خوشکەزا غەمگینەکەی، تەنیا کچەکەی (گوڵستان شازەمان)ی خوشکی ئەو تاکە کەسێك بوو لە نیشتیمانەوە نامەی بۆ دەنارد... خاڵی خۆشەویستم بێزاری خەریکە دەمکوژێت... دواهەمین نامەی دەرهێنا و دووبارە بە دەنگی بەرز خوێندییەوە

بۆ خاڵی خۆشەویستم:

من بێزاری خەریکە دەمکوژێت... ئەوە دووجارە یەکێکی نەناسیاو نامەیەکم بۆ دەنێرێت و پێم دەڵێت "برۆ، باران خان برۆ... چونکە بارۆن و مورتەزای شەیتان دەیانەوێت بتکوژن... برۆ")(عەلی: 2008: 89-92). بۆیە کاتێك (زوهدی شازەمان) دڵنیا دەبێت ئیدی لەلایەن (باران شکور)ەوە نامەی دیکەی بۆ نایەت، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە و سۆراغی بکات ئەوەتە دەڵێت: (جەنابی بارۆن، من هاتووم تا بزانم باران لە کوێیە؟ لەوسەری دنیاوە گەڕاومەتەوە تا بزانم باران لە کوێیە؟ وابزانم تۆ لە هەر کەس زیاتر دەتوانیت یارمەتیم بدەیت)(عەلی: 2008، 366). لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە "باران شکور" بە تاوانی ناپاکی بە دەست و پلانی بارۆنی کولەکەی مێردی کوژراوە (منیش نازانم باران لە کوێیە؟ ها، جەنابی زوهدی شازەمان، لێگەڕێ، ئەوە لکەیەکی ڕەشی گەورەیە بە ئابڕوومەوە... شەوێکیان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە باران نەمابوو... هەموو ئەم شارەم بەدوادا تەیکرد و نەمدۆزییەوە، هەڵبەت دەبێت لەگەڵ ئەو کوڕە نامەردەدا ڕایکردبێت، دەبێت وایکردبێت، دەبێت حورمەت و ڕێز و شەرەفی منی خستبێتە ژێر پێیەوە... خاڵی ئازیز تۆ بە من بڵێ، چۆن چۆن دەتوانم بیدۆزمەوە. من بە ساردییەوە سەیرمکرد و گووتم"جەنابی بارۆن تۆ بارانت کوشتووە یان نا؟" لەوکاتەدا مورتەزای شەیتان خۆی هاویشتە ناو حیکایەتەکەوە و گووتی"شازەمانی عەزیز... تۆ چۆن وا دەڵێیت، بارۆن و کوشتن... بارۆن فریشتەیە، کوشتن؟ خوای گەورە، کوشتن؟ کێ دەڵێت باران خان کوژراوە؟ چۆن خەیاڵتان بۆ شتی وا دەچێت؟)(عەلی: 2008، 366-367).

دیسان لێرەش وەك ڕۆمانی "بەفر"، ڕۆماننووس بە ئاماژەیەکی کورت باس لە ڕەنگدانەوەی دیاردەی کوشتنی ژنان دەکات لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامەکان (گووتم سەیرکە جەنابی بارۆن، گەر باران هەڵبهاتایە، گەر بیویستایە خۆی بکوژێت... منی ئاگادار دەکردەوە. باران یان لە جێگایەکدایە کە دەستی بە کەس ناگات، یاخود نەماوە، یەکێك کوشتوویەتی و کردوێتی بە ژێر گڵەوە. خۆت ئەم ڕۆژانە ڕۆژنامەکان دەخوێنیتەوە، دەزانیت ئەمجۆرە حیکایەتانە چەند زۆرن)(عەلی: 2008، 367).


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە خاڵی هاوبەشی هۆکاری گەڕانەوەی هەردووکیان لە مەنفاوە بۆ نیشتمان، بریتییە لەوەی هەردوو کارەکتەر بۆ مەسەلەی دیاردەی کوشتنی ژن لە ئەوروپاوە دێنەوە، بەجۆرێك لای (کا) خۆکوشتنی ژنان وەك هۆکارێکی گشتی خۆی دەنوێنێت، بەڵام لای (زوهدی شازەمان) وەك هۆکاری تایبەتی خۆی دەنوێنێت، کە بێدەنگیی باران شکوری خوشکەزایەتی و دواتر بۆی دەردەکەوێت کوژراوە, ئەمە جگە لە باسکردنی کوشتنی ژنان و بڵاوکردنەوەی وەك بابەتی ڕۆژنامەوانی.

**4- دروستبوونی پەیوەندی:** (کا) لەبەرئەوەی لەوەپێش (ئیپەك)ی کچی خاوەنی ئوتێلەکە دەناسێت و لە مێژە عاشقێکی سەرسەختییەتی، ڕۆماننووسیش پێشەکییەکی باش لەسەر پەیوەندیی کۆنی هەردووکیان دەدات بەدەستەوە (تانەر پێشی گوتبوو ئیپەکی هاوڕێی شۆخ و شەنگی سەردەمی زانکۆیان لە قارسە... لەگەڵ باوك و خوشکەکەیدا لە هوتێلی بەفر پالاس دەژی)(پاموک: 2007، 40). ئەمەش وادەکات بەلای خوێنەرەوە ئاسایی بێت (کا) و (ئیپەك) ڕاستەوخۆ بکەونە پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە، بۆیە ئەگەر لەناو ئوتێلەکەدا ئیپەك سەردانی (کا) بکات، (کا)ش شەوانە چاو لە ڕێگا بێ و گوێ لە دەرگادانی ژوورەکەی بگرێت، ئەمە ڕاستەوانە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی خوێنەردا دێتەوە (دایکی کە بە نیازی ئەوەی کورەکەی ژیانێکی ئاسایی بەسەر بەرێ... ئێستا چی بگوتبا ئەگەر بیزانیبا کە بەختەوەری کورە چل و دوو ساڵانەکەی بە ژنێکەوە بەستراوەتەوە کە لە قارسە... لە دەرگا درا. (کا) لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و بە ئومێدەوە کردیەوە. ئیپەك بوو)(پاموک: 2007، 254). واتە دروستبوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان (کا) و (ئیپەك) پێشینەیەکی هەیەو شتێکی چاوەڕوانکراوە.

بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (غەزەلنوس)یشدا پەیوەندی لەنێوان (زوهدی شازەمان) و (ئەفسانە)ی ژنی خاوەن ئوتێلەکەدا دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە پەیوەندی (زوهدی شازەمان) و (ئەفسانە) پەیوەندییەکی لەپڕ و بێ پێشینەیە، خاوەنی هیچ مێژوویەکی خۆشەویستی و یەکترناسین نین، ئەمە جگە لەوەی ڕۆماننووس خاڵی سەرەکی و سەرەتای یەکترناسینی هەردووکیان ڕاستەوخۆ بە یەکتربینینی یەکەمجاریان لە ئوتێلەکەدا دەبەستێتەوە (ئەو شەوە کە گەڕایەوە بۆ ئوتێلەکە یەکەمجار ژنی خاوەن ئوتێلەکەی بینی، ژنێکی چکۆلانەی ئەسمەر و چاو ڕەش... ژنێکی جوان بوو، بەڵام شتێك لە شێوەی مەکیاجکردنەکەیدا زوهدی شازەمانی ڕاچڵەکاند، کە کلیلەکەی وەرگرت، هەستیکرد خانمەکە مەبەستی بوو دەستی بەر دەستی بکەوێت... بینینی ژنی خاوەن ئوتێلەکە هۆیەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی لەو ئوتێلەدا بمێنێتەوە)(عەلی: 2008، 169). واتە هەر لە یەکەم بینینەوە پەیوەندی و پەیوەستبوونێك بە یەکەوە لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەگیی و ناسینێکی پێشوەختیان لەگەڵ یەکتر هەبێت.

لێرەش (زوهدی شازەمان) بە هەمان شێوەی (کا) چاوی لەسەر دەرگای ژوورەکەیەتی و چاوەڕوانی هاتنی ئەفسانەیە (لەو پێنج ڕۆژەدا دووجار ئەفسانەم لە پێشەنگەدەری ئوتێلەکەدا بینی، هیچ جارێك قسەی لەگەڵدا نەکردم، هەموو شەوێك دەرگای ژوورەکەم بە کراوەی جێدەهێشت و چاوەڕوانمدەکرد... شەوی شەشەم، لە نزیك سەعات سێی بەیانیدا لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوە و هاتە ژوورێ، بۆنێکی ئەفسوناوی هەبوو)(عەلی: 2008، 271).

لە زۆر جێگای ڕۆمانی (بەفر) شێوازی قسەکردنی (ئیپەك) بۆ (کا) بە شێوەی چرپەیە، بۆیە (کا)ش لەو کاتانەدا زیاتر گوێی بۆ قسەکانی دەگرت و سەرنجیان دەدات (ئیپەك بە چرپەیەکەوە بە (کا)ی گوت: کرێکارە ئیشکەرەکانی نەخۆشخانەیان بردووە بۆ سڕینەوەی پەڵە خوێنەکانی هۆڵی شانۆی گەل)(پاموک: 2007، 252).

خاڵی حەز و سەرنجڕاکێشان و خەیاڵبردنی (زوهدی)یش بۆ (ئەفسانە) ئەو دواندن و قسەکردنە چرپەییەی ئەفسانە بوو، کە دنیایەکی جیاواز و پڕ لە خەیاڵ و ئەفسوونی لای (زوهدی) دروستدەکرد (بە چرپەوە وەك ئەوەی نهێنییەکی پێ بڵێت، گووتی "من ژنی ئەوم"... ئەها تۆ ژنی ئەویت. ئەو دەستێکی بە قژیدا هێنا و بە چرپەیەکی سوکتر لەوی پێشوو گووتی "ئا، ئەی چۆن من ژنی ئەوم، ژنی خاوەن ئوتێلەکەم"... بەڵام من جگە لە دەنگی ئەو ئافرەتە سیحربازە کە بەردەوام چرپەکانی لە گوێمدا دەزرینگانەوە، نهێنی گەورەم نەبوو)(عەلی: 2008، 170-171).
بەکورتی لەم بەشەشدا خاڵی هاوبەش و تێکەڵەی واتاییان بریتییە لەوەی کە:

1- لە هەردوو ڕۆماندا ئوتێل وەك شوێنێکی گرنگ و برەودەر بە پێوەندیی جووت کارەکتەر ڕۆڵ دەگێڕێت.
2- وێنەی چاوەڕوانی و چاوبڕینە دەرگای ژوور لەلایەن کا و زوهدی شازەمان لە هاتنی ئیپەك و ئەفسانەدا.
3- بوونی چرپە لە شێوەی قسەکردنی هەردوو کارەکتەری مێینەدا (ئیپەك ـ ئەفسانە) کە خاڵی بەهێزی ڕاکێشانی سەرنج و خەیاڵی کا و زوهدی شازەمانە.

**5- سێکسکردن:** لە ڕۆمانی (بەفر)دا دوای دروستبوونی پەیوەندی (لەسەر بنەمای خۆشەویستی)، بەهۆی سەردانە یەکلەدوای یەکەکانی (ئیپەك)ی کچی خاوەن ئوتێلەکە بۆ ژوورەکەی (کا)، (کا) و (ئیپەك) تا ئاستی جووتبوون دەست تێکەڵدەکەن (ئیپەك خۆی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەسەر قەراغی نوێنەکەی (کا) دا لارکردەوە و بێ ئەوەی ڕێی پێ بدات لێی نزیك بێتەوە، دەمی نایە ناو دەمی و ماوەیەکی درێژ ڕایموسی)(پاموک: 2007، 141). بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین ڕۆماننوس بۆ هاتنەئارای ئەم ڕووداوی جووتبوونە، ڕووداوسازییەکی پێشینەیی لە ڕۆمانەکەدا کردووە، کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو وەریان دەگرێت، بێ ئەوەی هیچ بۆچوون و دیدگایەکی نائاسایی لەلا دروست بێت. واتە خوێنەر کاتێك بەر ئەم ڕووداوە دەکەوێت تووشی حاڵەتی لەپڕ و لەخۆوەڕوودان نابێت. ((کا) هەمیشە دەکۆشا بە شڵەژانەوە کۆتایی بە ساتەکانی شادمانی بهێنێ بۆئەوەی لەدواییدا بەدبەختییەکی زۆر کاریگەر نەبێ، بۆیە هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بەو شڵەژاوییەی خۆیەوە ئیپەك کە هێشتا بەتەواوی گرفتاری ئەڤینی نەبوو بوو، لەئامێز بگرێ، ئەوا مەیل و لەیەککتر نزیکبوونەوەیان لەچاو تروکانێکدا دەبێتە توز و تەفرو تونا دەبێ، کامەرانی پێ ڕەوانەبینراوی، بە ڕەتکردنەوەیەکی پێ ڕەوابینراو و بە چاوی نزم تێڕوانینەوە کۆتایی پێ دێ و ئەم بیرکردنەوەیش سەبووری پێ دەبەخشی. بەڵام بارەکە تەواو پێچەوانە کەوتەوە. ئیپەك باوەشی بە ئەودا کرد. چێژیان لە گوشین و لەباوەشگرتنی یەکتر وەردەگرت، بە پەرۆشەوە کەوتنە ڕاموسانی یەکتر و کەوتنە سەر دۆشەکەکە. (کا) بە ماوەیەکی کورت هەستی بە خرۆشێکی زۆر بەهێزی زایەند کرد)(پاموک: 2007، 140).

بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (غەزەلنووس)یشدا دوای یەکترناسین و دروستبوونی پەیوەندی (لەسەر بنەمای جنسی) بەهۆی سەردانەکانی ئەفسانە (ژنی خاوەن ئوتێلەکە) بۆ ژوورەکەی زوهدی شازەمان، تا حاڵەتی جووتبوون پێکەوە دەخەون (شەو بوو، من و ئەو ماچماندەکرد، من و ئەو خیانەتمان دەکرد، ئەو هەستەی کە خیانەتدەکەیت سیحراویترین هەستی ناو مرۆڤە... هێندە دەزانم لەسەرخۆ، بە ئیشێکی ورد و دوورو درێژ ڕووتبووینەوە... من و ئەو سیحری ئارەزوویەکی گەورە کێشیدەکردین، ئەوەی ببینە دوو لەش تا ئەندازەی خەیاڵ یەکتری بدەینە دەست یەک)(عەلی: 2008، 273-274). پێکەوە خەوتنی زوهدی شازەمان و ئەفسانە هێندە لەپڕ و بێ پێشەکییە، خوێنەر تووشی شۆك و گومان دەبێت و بە ئاسانی ڕووداوەکەی بۆ هەزم ناکرێت (شەوی شەشەم لە نزیك سەعات سێی بەیانیدا لەسەرەخۆ دەرگاکەی کردەوە و هاتە ژوورێ، بۆنێکی ئەفسوناوی هەبوو... چراکەی دانەگیرسان و لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەم دانیشت. نیمچە ڕووت لەناو جێگاکەمدا چاوەڕوانمدەکرد، هەستم بە دەستە ناسك و ئەفسوناوییەکانی کرد لەسەر شانم... نازانم چ یەکێك لە ئێمە هەوایەك زیاتر هاتە پێشێ بە جۆرێك ڕێگا بۆ یەکەمین ماچ خۆشبکات. هیچ شتێك لەم سەر ئەستێرە لە یەکەمین ماچ ئەفسوناویتر نییە، لەگەڵ یەکەمین ماچدا شەریعەت و دەستورە ترسناکەکانی دونیا بێدەنگدەبن)(عەلی: 2008، 271-272). واتە دوو کەس کە پێشتر بە هیچ جۆرێك یەکتریان نەناسیبێت و تەنانەت هەر یەکتریشیان نەبینیبێت، بەڵام دوای چەند قسەیەکی کەم و دوای شەش شەو ژنەکە بچێتە ژووری میوانەکەیان لە هۆتێلەکەو لەگەڵی جووت ببێت! ئەمە هەم کارێکی چاوەڕوان نەکراوەو هەم هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختەشی بۆ نەکراوە، بۆیە قبووڵکردنی ئەم کارە بەلای خوێنەرەوە ئاسان نییە و زیاتر لە دەستێوەردانی نووسەر دەچێت، نەك ڕووداوێك بێت بەشێوەیەکی ئاسایی و لۆژیکی لەناو پرۆسەی گێرانەوەگەرییەکانی ڕۆمانەکەدا ڕوویدات.

بە کورتی لێرەش ڕووی لێکچوون و کاریگەری بەدی دەکەین، بەوەی کە:
هەردوو کارەکتەر لە شوێنێکی هاوبەشدا "ئوتێل" بە ئەزموونی سێکسکردندا تێدەپەڕن، بەجۆرێك (کا) لەگەڵ کچی خاوەنی ئوتێلەکە (ئیپەك)، (زوهدی شازەمان)یش لەگەڵ ژنی خاوەنی ئوتێلەکە، کە (ئەفسانە)یە دەخەون.

**6- هەندێك لێکچوونی دیکە:**

- لە ڕۆمانی (بەفر)دا (کا) دەڵێت خەڵکی ئێرە (مەبەست شاری قارسە)، خەون بە مردنەوە دەبینن (لێرە مرۆڤ خەون بە مردنەوە دەبینن نەك بە ژیانەوە)(پاموک: 2007، 189). لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ)یشدا (زوهدی شازەمان) دەڵێت: (کەسانی ئەم شارە، خەڵکانێکن لە ئازارەکانیاندا تەراکەوتە و لە خەونەکانیاندا بێ وێنەبوون)(عەلی: 2008، 482).
- (کا) بەشێوەی مۆنۆلۆگ گەڕانەوەی بۆ قارس بە هەڵە دەزانێت (سەرەتا بیری کردەوە کە بە هاتنی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ قارس کارێکی چەند گەوجانەی کردووە) (پاموک: 2007، 254). (زوهدی شازەمان)یش هەر بە شێوە و تەکنیکی مۆنۆلۆگ سەبارەت بە گەڕانەوەی خۆی هەمان تێڕوانینی هەیە (دەنگێك لە دڵما پێدەگووتم برۆ... جانتاکەت هەڵگرە و بگەڕێرەوە، تۆ چی دەکەیت لەم شارە پیسە)(عەلی: 2008، 114).

- هەبوونی (ئیپەك) لە ئوتێلی (بەفر پالاس) هۆکاری سەرەکی کەمەندکێشکردنی (کا) و مانەوەو جێگیربوونیەتی لەو ئوتێلەدا، کە (ئیپەك)ی لێیە (تانەر پێشی گوتبوو ئیپەکی هاوڕێی شۆخ و شەنگی سەردەمی زانکۆیان لە قارسە... و لەگەڵ باوك و خوشکەکەیدا لە هۆتێلی بەفر پالاس دەژی (کا) بەدەم گوێراگرتنەوە بۆ قسەکانی تانەر... بیری لە جوانی شۆخی ئیپەك کردبووەوە) (پاموک: 2007، 40). (زوهدی شازەمان)یش (ئەفسانە) بە هۆکاری مانەوە و جێگیربوونی خۆی دەزانێت لەو ئوتێلەدا (بینینی ژنی خاوەن

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئوتێلەکە هۆیەکی گەورە بوو بۆئەوەی لەو ئوتێلەدا بمێنێتەوە، لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چەند جارێك بیری لە گۆڕینی ئوتێلەکە کردبووەوە، بەڵام ئەو چرپە ناسکە وەستاندی... هەندێکجار مرۆڤ تەنیا لەپێناوی یەك ئافرەتدا بە جێگایەکی دونیاوە دەنوسێت)(عەلی: 2008، 170-171).

- (کا) بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ داوا لە (ئیپەك) دەکات هەڵبێن ((کا) گوتی: با من و تۆ پێکەوە لەم شاری قارسە هەڵبێین)(پاموک: 2007، 140)، یان دەڵێت: (پێویستە هەرچی زووترە زەماوەند بکەین و پێکەوە لێرە هەڵبێین... لەتەکمدا دێی؟)(پاموک: 2007، 188-189). هەمان بیر بە شێوەی پێچەوانەیی و بە تەکنیکی مۆنۆلۆگ لای (زوهدی شازەمان)یش دەبینرێت (ئەو لەزەتە خەیاڵیانەی لەگەڵ ئەودا دەمبینی لەوە گەورەتربوون بتوانم ئاسان جێیانبهێڵم و بڕۆم، بەڵام نەشمدەتوانی پێشنیاری ئەوەی بۆ بکەم لەگەڵمدا هەڵبێت و پێکەوە بچین بۆ وڵاتێکی تر، هەستمدەکرد ئەو سیحرەی من بە ئەفسانەوە گرێدەدات تەنیا لەم شارەدا کاردەکات)(عەلی: 2008، 365).

(کا) کلیلی ژووری 203ی لە جاویدی کارمەندی هۆتێلەکە کە لە هۆڵی بنمیچ بەرزی پێشوازی هۆتێلەکەدا سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، وەرگرت و چووە ژوورەکەی خۆی)(پاموک: 2007، 40).

هەمان دیمەنی هوڵی پێشوازی و بەسەرهات لای (زوهدی شازەمان)یش دەبینرێت (شەو درەنگ هەستا و گەڕایەوە بۆ سالۆنە بچووکەکەی پێشدەم پێشەنگەدەری ئوتێلەکە... لە سالۆنی ئوتێلەکەدا ئەو پاسەوانە ڕیوەڵە ئەسمەرەی بینی بە سمێڵێکی بژ و ژاکا و دوو چاوی ماندووەوە، لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەدا ئەبڵەق سەیری کەناڵە ئیرۆتیکییەکانی دەکرد)(عەلی: 2008، 172).

لە کۆتاییدا پێویستە سەبارەت بە مێژووی بڵاوبوونەوەی ئەم دوو ڕۆمانە ئاماژە بەوە بکەین ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموك ساڵی 2002 بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی ساڵی 2008 بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، واتە ڕۆمانی (بەفر) پێشتر بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین دەستنیشانکردنی کات و زمانی بڵاوبوونەوەی دەق، جگە لەوەی یەکێکە لە پرەنسیپەکانی قوتابخانەی بەراوردکاری فەرەنسی، یەکێکیشە لە هۆکارە سەرەکییەکانی یارمەتیدەری توێژەری بەراورد بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییە ئەدەبییەکان، کە کام بەرهەم کاریگەریی بەسەر ئەویترەوە هەبووە، ئەمەش لەکاتی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە دەقەکان و پرۆسەی بەراوردکردنیان و دۆزینەوەی خەسڵەتی کەسێتی و واتا تێکرژاوەکاندا، گرنگیی خۆی هەیە و زۆر شتی ون و نادیارمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ئەمە جگە لەوەی دەبنە خاڵێکی گرنگی یەکلاکەرەوە لە دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەری و بڕیارەکانی توێژەردا.

هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی بەختیار عەلی بکەین کە لە باسکردنی دۆزینەوەی ڕووی لێکچوونی نێوان دوو کارەکتەری نێو دوو ڕۆمانی جیاوازدا دەڵێت: ((لەجیاتی قسەکردن لەسەر پێوەندیی ئەدەبیاتی ئێمە بە ئەدەبیاتی جیهانەوە، قسە دێتە سەر ئەو خەیاڵپلاوە بیمار و دەردەدارەی کە دەڕوات لێرەو لەوێ تێکست دەخوێنێتەوە و دێتەوە دەڵێت: خوێنەرانی ئازیز ڕۆمانێك هەیە باسی پیاوێك دەکات کە کوژراوە، ڕۆمانێکی تریش هەیە هەر باسی پیاوێك دەکات کە کوژراوە، کەواتە ڕۆمانی دووەمیان لە یەکەم دزراوە))(عەلی: 2002، 66). ئەوەی لەم وتەیەدا بەدیدەکرێت سێ شتە:

**یـەکـەمـیـان:** خۆخستنە جێی ستەملێکراو بە مەبەستی بەخشینی حەق و ڕەوابینین بە خود.

**دووەمـیـان:** ساناکردنەوەی ئەو ڕووە لێکچوون و نزیکایەتییە زۆرەی کە کارەکتەر یان ڕووداو یان هەر ڕەگەزێکی تری ڕۆمانەکانییەتی لەگەڵ ڕۆمانەکانی دونیا، کە نەیتوانیووە باش هەزمیان بکات، ئەمەش وای کردووە بەرهەمەکانی زۆرترین گومان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

**سێـیـەمـیـان:** ئێمە پێمانوایە هیچ توێژەرێك ناتوانێت بیسەلمێنێت و بڵێ کۆی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی نەك بە تەنیا ئەم ڕۆمانە وەرگیراوە یان دزراوە، بەڵکو لێکچوونەکان لە ئاستی بەشن نەك گشت، هاوبەشیی بابەتەکانیش لەنێو دوو ڕۆمان یان زیاتردا زۆر ئاساییە، ئاسایی نەبوونەکەی خۆی لە هەمان ئایدیا و فەنتازیا و ڕووداو و وەسف و بەسەرهاتدا دەبینێتەوە، کە ئەگەر دیدێکی نوێ نەخاتە سەر ئەو بابەتە هاوبەشە یان لایەنێکی ناڕوون لای خوێنەر ڕوون نەکاتەوە و ئاشنای نەکات بە پێنتێکی نوێ، لەڕاستیدا وەرگیراوە و ڕێژەی داهێنانی ئەو بەشەش لە ئاستێکی بەرزدا خۆی نابینێتەوە.

جگە لەمانە باسکردن لە جەمسەری پەیوەندیی نێوان ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانی جیهانی تەنیا لەڕێگەی هەنگاوەکانی بەراوردەوە دەبێت، بەراوردیش هێندەی کارکردنە لەسەر ڕووی لێکچوون و نزیکایەتی هێندە کارکردن نییە لەسەر ڕووی جیاوازی. بۆیە ئەو قسەیەی کە دەڵێت: "لەجیاتی قسەکردن لەسەر پێوەندی ئێمە بە ئەدەبیاتی جیهانییەوە" لەڕاستیدا پێچەوانەی وتەکەی خۆیەتی، چونکە توێژەرێك نییە لە باسکردنی ئەدەبیاتی کوردی و جیهانیدا پەنا نەباتە بەر پرۆسەی بەراوردکردن. لێرەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەنجامەی کە ئامادەیی و تێکرژانی ڕۆمانی (بەفر) بەسەر ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و نموونەکانی پێشووترمان گەواهیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەدەن، بەپێچەوانەی هەندێك بۆچوون کە پێیان وایە زۆرجار لێکنزیکی وێنەکان و هاوسێیەتی ڕووداوەکان و یەکگرتنەوەی خەیاڵی ڕۆماننووسان یان لێکچوونی دوو کارەکتەری ڕۆمان جیاواز، پرۆسەیەکی خۆییە و بەبێ ویستی خۆیان یەکدەگرنەوە، ئەشێت ئەم بۆچوونە بۆ هاوسەرچاوەیی یان هەندێك دیاردەی نائاگا، یان بۆ هەندێك لایەنی تری وەك ناو دونیای عیرفان و جیهانی تەسەوف و لێکنزیکیی ڕۆحەکان تا ڕادەیەك ڕاستی تێدابێت، بەڵام بۆ ڕووداوگەلی وەك ئەم دوو ڕۆمانە نە قەناعەتپێکەرە و نەجێگای باوەڕە.

لەڕاستیدا لێکنزیکیی گێڕانەوەکان و لێکچوونی ڕووداوەکانی هەردوو کارەکتەر، کە ئەوەندە لێك نزیکن دەگاتە ئاستی یەکبوون، ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامەمان دەداتێ بەدەستەوە، کە کاریگەریی کارەکتەری غوربەتی (کا)ی ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموك و بەسەرهاتەکانی، لەسەر کارەکتەر (زوهدی شازەمان)ی ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی، بەجۆرێکە سنووری نائاگایی بەختیار عەلی تێپەڕاندووە، لە زۆر شوێندا هەست بە جووینەوە و وەرگرتنی وەکیەك و کارتێکردنێکی ئاگایانە دەکەین لە ڕۆنانی ڕووداوەکان و کێشانی وێنەکان و چنینی گێڕانەوەکانی پەیوەست بە بابەتی غوربەت و گەڕانەوەی هەردوو کارەکتەرەکە، چونکە خودی بەختیار عەلی جگە لەوەی ئاگاداری ئەم بەرهەمەی پاموکە و پێشەکیی بۆ ڕۆمانی وەرگێڕدراوی "بەفر" نووسیوە، ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە بە پاموك سەرسامە ((لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەم شتێکی زۆر بچووك لە سەرسامی خۆم بە پاموك باس بکەم))(پاموک: 2007، 7) و زۆرینەی بەرهەمەکانی پاموکی خوێندووەتەوە و پێی وایە ئاستێکی بەرزی ئەدەبییان هەیە و لە پلەی باڵادان، ئەوەتە لەم ڕووەوە دەڵێت: ((لە ڕۆمانی قەڵای سپیدا پاموك یەکێك لە شاکارە گەورەکانی خۆیمان پێشکەش دەکات، گەرچی من ئێجگار سەرسامم بە ڕۆمانی ناوم سوورە، بەڵام وەك تێکستێکی هونەری قەڵای سپیم پێ کامڵتر و وەستایانەترە))(پاموک: 2007، 16). واتە بەختیار عەلی خۆی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە بە ڕۆمانەکانی پاموك سەرسامە، ئێمەش پێمان وایە ئەم سەرسامییە بووەتە هۆی کاریگەربوونێکی زۆر بە ڕۆمانەکانی پاموك و بیرۆکەی ئەفراندنی کەسێتیی (زوهدی شازەمان)ی لە پاموکەوە وەرگرتووە. بۆیە هەر لێرەشەوە هەست بە بوونی بابەتێکی خواستراو دەکەین کە هەڵگری گەلێك سیمای وەکیەکی و نزیکایەتییە، وەکیەکییەك کە خۆی لە بۆتەی کارەکتەرێکدا دەبینێتەوە و هەمان کارەکتەریش دەبێتە هەڵگر و نوێنەری ئەو بابەتە خواستراوە، ئەو بابەتە خواستراوەش بەجۆرێکی ئەوتۆ تەوزیف نەکراوە و نەبووەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئایدیا و جیهانبینیی جیاواز و داهێنانی ئاست بەرزتر، بەڵکو درێژکراوەی هەمان خەسڵەت و ڕووداو و جیهانبینیی کارەکتەرە خواستراوەکەیە، کە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی ئەو بەشانەی کە کارەکتەری غوربەتی (زوهدی شازەمان) ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، چونکە ناتوانێت خۆی بێت، ڕۆحێکی خۆیییوونیشی پێنەبەخشراوە، بەڵکو لەبەرگرتنەوەی کارەکتەرێکی ترە و بووەتە نمایشکارێکی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کارەکتەرێکی تر، کە (کـا) یە. ئەگەرچی کارەکتەری ڕۆمانی بەفر تەنها یەك ناوی هەیە ئەویش (کا)یە، بەڵام کارەکتەرەکەی ڕۆمانی (غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ) دوو ناوی هەیە کە بریتین لە (زوهدی شازەمان) و (ماجەلانی ڕاستەقینە)

**ئــــەنجــــــام:**

1- دیاردەی خواستن و سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی یەکتری، دیاردەیەکی ئاساییە و لە سەرجەم ئەدەبیاتی جیهانیدا بوونی هەیە، بە مەرجێك ببێتە مایەی بەرەوپێشبردنی ئەدەبیاتی خۆماڵی و تێپەڕاندنی سەرچاوەی کاریگەرییەکە، نەك دووبارەکردنەوەی وەك یەکی ئەو، چونکە گەر وا بوو دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی داهێنان و بێ پێزکردنی بەرهەمەکان.

2- دیاردەی کاریگەری هێڵێکی پتەوە بۆ بەستنەوەی ئەدەبیاتی خۆماڵی بە ئەدەبیاتی جیهانی و دروستبوونی پەیوەندی و هەماهەنگیکردن لەگەڵ یەکتری، ئەمە سەرباری هۆکاری پێکهێنانی بەشێك لە ئەدەبیاتی جیهانی و دەرخستنی پێگەی ئەدەبی خۆماڵی و ئاستی ڕەسەنی و داهێنانکاری لەناو ئەو ئەدەبیاتە جیهانییەدا.

3- خاڵی هاوبەش و لێکچوونی ڕۆمانی "بەفر"ی ئۆهان پاموك لەگەڵ ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی لە ئاستی بەشە نەك گشت، بەجۆرێك کە خۆی لە کاریگەریی کارەکتەری سەرەکی "کـــا" لەسەر کارەکتەری سەرەکی "زوهدی شازەمان"دا دەبینێتەوە، واتە کاریگەرییەکە لە ئاستی ڕەگەزێکی ڕۆماندایە کە کارەکتەرە نەك کۆی ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان.

4- لە زۆرێك لەو بەشانەی کە لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"دا "زوهدی شازەمان" ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، هەست بە وەرگرتن و جووینەوەی هەمان ئەو دیالۆگ و ڕووداو و بەسەرهاتانە دەکەین کە "کـــا" لە ڕۆمانی "بەفر"دا گێڕاویێتی، تا ئەوەی


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گومان لەسەر سەربەخۆیی و ڕۆحیەتی خۆییبوونی "زوهدی شازەمان" بکەین، بێگومان ئەمەش دەوری سەرەکی دەبێت لە هێنانەخوارەوەی ئاستی داهێنانی ئەو بەشانەی کە "زوهدی شازەمان" ڕۆڵیان تێدا دەگێڕێت.

**سـەرچـاوەکـان:**

- **ڕۆمـــان:**

- پاموك، ئۆرهان(2007)، بەفر، و: بەکر شوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- عەلی، بەختیار(2008)، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- **کتێب:**

**زمـانی کـوردی:**

- ئەحمەدی، بابەك(2004)، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، و: مەسعود بابایی، کتێبی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

- ئەحمەد زادە، هاشم(د)(2012)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(2011)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- ئەمین، توانا(2008)، مەنفاو خوێندنەوە، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.

- حەسەن، حەمە سەعید(2011)، لەسەر باڵی هەورەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- دیما، ئالیکساندەر(2011)، پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد، و: ئەنوەر قادر محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- ڕۆژ بەیانی، زاهیر(2008)، چیرۆکی هونەریی کوردی، شێوە و شێواز و بونیاد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك).

- کەفائی، محەمەد عەبدولسەلام(2011)، ئەدەبی بەراوردکاری، و: هەژار ڕەحیمی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- گەردی، عەزیز(1978)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- قانع، مەریوان وریا(2004)، بەختەوەری و بێدەنگی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

- عەلی، بەختیار(2005)، خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- عەلی، دڵشاد(1981)، دیلان، شاعیر و ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

- نیزامەدین، فازیل(2007)، فەرهەنگی "شیرین"ی نوێ، عەرەبی- کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر(2010)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

- هۆراس(1979)، هونەری شیعر، و: حمید عزیز، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- وێبستێر، ڕاجێر(2006)، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی (پێناسەیەکی پوخت)، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- یۆسا، ماریۆ فارگاس(2009)، واقیعییەتی نوسەر، و: دڵشاد خۆشناو، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

**زمـانی عـەرەبی:**

- ابن منظور(2000)، لسان العرب، حرف (ا)، باب (الاثر)، دار صادر للطباعة والنشر، المجلد الاول، بيروت.

- المناصره، عزالدين(1987)، مقدمه فى نظرية المقارنه، دار الكرمل، عمان.

- جاسم، عزيز السيد(1986)، تاملات فى الحضارة والاغتراب، دار الشؤون العامه، بغداد.

- جعفر، محمد راضي(1999)، الاغتراب فى الشعر العراقى المعاصر(مرحله الرواد)، منشورات اتحاد الكتاب العرب.

- كاظم، نجم عبدالله(د)(2001)، فى الادب المقارن، دار اسامه للنشر والتوزيع، عمان.

- قطامي، يوسف(د)(1992)، مقدمه فى الموهبة والابداع، المؤسسة العربيه للدراسات والنشر، ط. الاولى، بيروت.

- غويار، ماريوس فرانسوا(1978)، الادب المقارن، ت: هنرى زغيب، الطبعة البولسيه، لبنان.

- مجاهد، مجاهد عبدالمعنم(1985)، الانسان والاغتراب، سعدالدين للطباعة والنشر، القاهره.

- ماضى، شكرى عزيز(د)(1997)، فى اشكاليات النقد العربى الجديد، ط 1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

- هيلال، محمد غنيمى(بدون سنه طبع)، الادب المقارن، دار نهضة، مصر.

**زمـانی فـارسـی:**

- زرين كوب، عبدالحسين(د)(1388)، اشنائى با نقد ادبى، انتشارات سخن، چاپ: هشتم، تهران.

- صادقى، جمال مير- صادقى (ذوالقدر)، ميمنت مير(1388)، واژەنامه هنر داستان نويسى، فرهنگ تفصيلى اصطلاحهاى ادبيات داستانى، چاپ دوم، نشر كتاب مهناز، تهران.

**زمـانی ئینگـلیزی:**

*-J.A.Cuddon(1385) (revised by C. E. Preston), The Penguin Dictionary of Literary Terms and Literary Theory.*, انتشارات رهنما، چاپخانه: حافظ، تهران بهارى

*-Dr. Ernest Klein(1966), A comprehen sive, Etymological Dictionary Of The English Language, Elsevier Publishing Company, Amsterdam.*

- **نـامـەی ئـەكـادیـمی:**

**بە زمانی كوردی:**

- فەرەج، سنور قادر(2012)، تەكنیك لە كۆمەڵە چیرۆكی "گوڵی ڕەش"ی شێرزاد حەسەندا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان.

- عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد(2012)، ڕوانینێكی ڕەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردی، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**به زمانی تورکی:**

*-BRANN RİLEY, NATHANİEL(2007), ORHAN PAMUK'UN KAR'INDA EPİGRAFİK İLİŞKİLER, Yüksek Lisans Tezi, Türk Edebiyeti Bölümü Bilkent Üniversitesi, Ankara Haziran.*

- **گۆڤـــار:**

- گەرمیانی، عادل(د)(2011)، چەند وانەیەکی بەراوردی ئەدەبی، گۆڤاری ڕامان، ژ: 171، هەولێر.

- عەلی، بەختیار(2002)چاوپێکەوتنی گۆڤاری ڕامان، ژ: 73، هەولێر.

- محەمەد، ئەنوەر قادر(د)(2006)، دەقئاوێزانی مەولانای ڕۆمی (1207- 1273) و مەولەوی تاوگۆزی (1806- 1882)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: 18، سلێمانی.

- **پێگەی ئینتەرنێت:**
- **به زمانی ئینگلیزی:**

- *http;//arsiv.ntv.com.tr/news/131480.asp.*

- **به زمانی تورکی:**

- *https://www.edebiyatfakultesi.com/kar.htm?fbclid=IwAR2PpE43Hla4OSiAzNBOyGQAiYOB3LR6vIh56KmqzHBG0afVHMP2Oc951Qs*
- *https://www.edebiyatfakultesi.com/kar.htm?fbclid=IwAR2PpE43Hla4OSiAzNBOyGQAiYOB3LR6vIh56KmqzHBG0afVHMP2Oc951Qs*


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)